
# پەیژەکانی مۆسیقای کوردی




سەلاح رەئوف

2020

## دەستنیشان و پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقا

**گرنگترین هۆکار بۆ بزواندن و گەشەسەندنی هونەری ساز و ئاواز (مۆسیقا و گۆرانی)، دەستنیشانکردن (پۆلێنکردن) و گەشەدان بەو دەستنیشان و پۆلێن کردنە یە .**

ئاشکرایە کە هەموو گەلانی سەر ڕووی زەمین کەم تا زۆر جۆری کەلتور و هونەری مۆسیقایان پەیوەستییەکی بەیەکەوە هەیە. هەرچەندە بە هۆی باری سروشتیی و کۆمەلایەتی و بگرە بارودۆخی ڕامیاری و ئابووریش کە گاریگەرییەکی زۆریان لە فراوانکردنی ئاستی ئەو هونەر و کەلتوورە هەیە، کەم تا زۆر میللەتان ڕۆژانە هەوڵی چاککردن و لەبارکردن و شیاوکردنی هونەرەکەیانن. ئاشکراشە کە گەلانی ئەورووپا بە هەمان دەردەسەری و نەهامەتییان بەهۆی جەنگ و پێکدادان و بارە نەهامەتییەکانی کۆمەڵگادا ڕۆشتوون، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ هونەرەکەیان فراوانتر و بەرەو پێشتر ئەچێت. وەنەبێت ئەو گێژاو و جەنجاڵییەی کە ئێستا لە مۆسیقای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیە ئەوانیش بە خۆیانەوە نەدیبێ ... بەڵام لە زیرەکی و کارامەیی خۆیان کە ڕۆژانە خەمخۆریی بەرەو چاککردن و لەبارکردنی هونەرەکەیان بوون. بۆیە ئێستا گەیشتونەتە ئەو ئاکامەی کە ئێستا تیایدان، بە واتای شەنکردنی تەواوی هونەر بەگشتی و، هونەری مۆسیقا بە تەواوی. هەروەها گەلانی خۆرهەلاتی ئاسیاش کە بریتین لە گەلانی هیند و چین و ... هتد، ئەوانیش کەم تا زۆر هەر خەمخۆری هونەرەکەیان بوون. بەڵام هێشتا نەگەیشتونەتە ڕادەی گەلانی ئەورووپا لە چاکسازی هونەرەکەیان بەگشتی و هونەری مۆسیقا بەتایبەتی. بەڵام ئەمە ئەوەش ناگەیەنێ کە کاری چاکیان نەکردبێت و بەردەوامیش نەبن لە چاکسازیدا، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە میللەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە هونەرەکەیان (بەتایبەتی هونەری مۆسیقا) چۆن بووە، ئێستاش هەروایە و جەنجاڵتریشە. (من لێرەدا تەنها باس لە پەیژە و فۆرمە مۆسیقاییەکان ئەکەم)، ئەوەتا چەندین کۆنگرە و چەندان بڕیاری کۆ و تاکەکەسیش تەنها کەمێکیش لە باری گرانی ئەو جەنجاڵییەی کەم نەکردۆتەوە.

گەلانی ئەورپا پاش ئەوەی گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە بنەمای مۆسیقاکەیان بریتییە لە هەردوو پەیژەی گەورە و بچووک و چەند پەیژەیەکی دروستکراو، ئەم پەیژانە ڕۆژ بە ڕۆژ چاکسازی تیا ئەکرێت و لە نرخە زانستییەکەی پتر ئەکرێت، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە، کە گەلانی ئەورووپا لەسەرکردەکانیانەوە تا منداڵێکیان خۆیان بە خاوەنی ئەو کەلتوورە ئەزانن، هەرکەسێک ڕۆژێک لە ڕۆژان کارێکی زانستی بکات، ئەوا دەستی نەوازشی ئاڕاستە ئەکرێت و خۆشحاڵیشی بۆ دەرئەبڕدڕێ، تەنانەت کەسانێکی بێگانەش بەوان کارێکی زانستی بکەن ئەوا هەر بەو چاوەوە سەیر ئەکرێت، هەر هەمان پێشوازی لێ ئەکرێت. تەنانەت کارەکەشی تەنها لە خزمەتی میللەت و کۆمەڵگاکەی خۆشیدا بێت هەر هەمان دەستخۆشکەری لێ ئەکرێت و یارمەتی و کارئاسانیشی بۆ ئەکرێت.

ئێمەی کوردیش کە بەشێکین لە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمان دەردەسەری و نەهامەتی کە بەسەر مۆسیقا و کەلتوری هونەری ئەو گەلانەدا هاتبێت ئێمەشی لێ بێبەش نەبووین. هەرچەندە ئێمە وەک خۆمان ئەیزانین و مێژووش پێمان دەڵێت، کە خاوەنی بیروباوەڕێکی (دین) مۆسیقائامێزین و کەلتورێکی مۆسیقایی فرە دەوڵەمەندمان هەیە. بەڵام لەبەر گوێ پێنەدان و کەمتەرخەمی و لێنەپرسینەوەی هونەرمەندان و کۆمەڵگا و بگرە لێپرسراوانیش، هونەرەکەمان زۆربەی زۆری لە ناوچوون و، یان گەلانی تر کەڵکیان لێ وەرگرتووە. هەرچەندە من دەسخۆشی لە هونەرمەندانی دراوسێ و بێگانە ئەکەم کە بە هەر شێوەیەک بێت بوونەتە مایەی ئەوەی کە بەشێکی کەم نەفەوتێت، ئێستا گەر ئێمە چابووک بین لێیان وەرئەگرینەوە و دەستخۆشیشیان لێ ئەکەین. بەڵام وەکوو وتم ئەو نەهامەتی و بارودۆخە نالەبارەی بە درێژایی مێژوو بەسەر گەلەکەماندا هاتووە هۆکاری گرنگ بوون. گەر ئاوڕێکی خێرا بە مێژووی گەلەکەماندا بدەینەوە، بۆمان دەرئەکەوێت کە مۆسیقا و گۆرانی کـــوردی لە هەموو میرنشینە درێژخایەن و کەمخایەنەکانیشدا هەر جێی سەروەری میللەتەکەمان بووە. هەر لە ڕێی ئەوان و برەو پێدانیان بە پلەوپایەی هونەر و هونەرمەندان هونەرەکەمان کەم تا زۆر هێشتا کەڵکی ئەوەی پێوە ماوە کە هەوڵ بدەین کە چیتر بەر شاڵاوی فەوتان نەکەون. بەڕای من گرنگە ئێمە ئاوڕێک لە کەلتوری هونەری مۆسیقا و گۆرانییەکانمان بدەینەوە و سەر لە نوێ بە زانستکردنیان و دوورخستنەوەیان لە جەنجاڵی و سەرلێشێواوی. ئێمەی کورد کاتی ئەوەمان هاتووە کە بایەخ بە هونەرەکەی خۆمان بدەین، ئەو دراوسێیانەی کە کەڵکیان لە هونەرەکەمان وەرگرتووە، بە سوپاسەوە لێیان وەربگرینەوە و چیتر هەقمان بەسەر ئاڵوزی و جەنجاڵی مۆسیقا و گۆرانی گەلانی دراوسێوە نەبێت. ڕێگە زانستییەکان بگرینە بەر بۆ برەو پێدان و بایەخ پێدانیان، تا ئەو ڕۆژە دێت هەر وەک چۆن میللەتەکەی ئێمە بە تاسەوە گوێ لە ئاواز و مۆسیقای بیانی و گەلانی دراوسێمان ئەگرێت، ئاوا گوێ لە مۆسیقا و ئاوازەکانی خۆمان بگرین. هەروەها بە کاری بەپێز و سەردەمیش ئەتوانیین گەلانی جیهان وا لێ بکەین کە بە خۆشحاڵییەوە گوێ لە ئاواز و مۆسیقاکەمان بگرن. بۆیە من لە لای خۆمە وە لە کتێبی پێشومدا (پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) پۆلێنی زۆربەی زۆری پەیژە مۆسیقاییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم کردووە و، بە شێوەیەکی زانستی پەیژە سەرەکییەکان و پەیژە لاوەکییەکانیشم دەستنیشان کردووە. ئەوەش هەر بەو مەبەستە بوو کە ئەمڕۆ کەڵک لەو زانستیانە وەربگرم تا پۆلێنی ڕاستەقینەی ئاواز و پەیژە و فۆرمە مۆسیقاییەکانی کوردی پێ بکەم. بۆیە لەم کتێبەشمدا دەرئەنجامی ئەو پۆلێنکردنە بە کورتی ئەخەمەوە پێش چاو تا کارەکەم نامۆیی پێوە دیار نەبێت.

## چۆنییەتی بەکارهێنانی پەیژەی مۆسیقا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**تێبینی:**

**وەکوو لە کتێبی پێشوما باسم کرد، کە وشەی (مەقام) وشەیەکی ئازەریەو بەمانای ئاوازێکی ڕیتم سەربەست دێت ... بەڵام مەخابن وشەی مەقام وشەیەکی نەشیاوە بۆ بەکار هێنانی وەکو پەیژەیەکی مۆسیقا، ئەمە تەنها لای عەرەبەکان بەکار ئەبرێت، هەندێ جار لەباتی وشەی پەیژەی مۆسیقا و هەندێ جار لە باتی فۆرمی مۆسیقا بەکار دەبرێت.**

**پەیژەی مۆسیقا: بریتییە لە کۆی حەوت پلەی دەنگیی و بە دووپاتکردنەوەی پلەی بنکەوە ئەبنە هەشت پلەی دەنگیی و پێی ئەوترێت (دیوان)، وە دەکرێت بە (24) پلەی چارەکە دەنگییەوە. هەروەها مەقام لە دوو چوارینەی مۆسیقا و میانە دەنگییەک پێکدێت، کە ئەو میانە دەنگییە لە سەرەتا یان ناوەند یان کۆتایی ئەو دوو چوارینەیەدایە. چوارینەی یەکەم پێی دەوترێ ڕەگەز (جنس)، چوارینەی دووەم پێی دەوترێ لق (فرع).**

**١- چوارینەی یەکەم: ڕەگەز (جنس) بە ڕەگەزی یەکەم ناو ئەبرێت، گەر لە سێ میانەی نێوان چوار پلەی دەنگیی کە لە دە (١٠) چارەکە دەنگیی پێک بێن، یان لە دوو میانەی نێوان سێ(٣) پلەی دەنگیی کە لە کۆی ( ٦ یان ٧ یان ٨) چارەکە دەنگی پێک بێن، دیسان پێی دەوترێت گــرێ (عقد) گەر لە چوار میانەی نێوان پێنج پلە دەنگی کە لە (١٤) چارەکە دەنگیی پێک هاتبوو.**

**٢- چوارینەی دووەم: لــق (فرع)، یان ڕەگەزی دووەم، یان گرێ (عقد)ی دووهەم بەپێی ئەو چارەکە دەنگییانەی کەتیایدایە (لە چوارینەی یەکەمدا ڕوونکراوەتەوە).**

**٣- میانەی دەنگی: کە لە میانەیەکی تەواو (چوار چارەکە دەنگیی) پێک دێت. ئەکەونە پێش یان پاش یان ناوەندی هەردوو چوارینە مۆسیقاکەوە.**



# پەیژەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

پاش چاوخشاندن بەو هەموو سەرچاوانەدا و ئەو هەموو بابەتەی لەسەر مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نووسراوە، هەندێ ڕاستیم بۆ ڕوون بووەوە، کە مرۆڤی مۆسیقازان نابێ چی تر لە ئاستی ئەو گرفتە زۆرانەی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەستێت کە بە هۆی زۆر و بۆری ناوی مەقام و ناوی پلە دەنگییەکانی مۆسیقا کە بوونەتە هۆی پێش نەکەوتن و بگرە مانەوە تەنها لەو ئاستەی کە تیایدایە. بۆیە بە باشم زانی وەکوو مۆسیقازانێکی کورد خەمێکی ئەم بابەتە بخۆم، گەر تەنها لەبەر کەلتووری مۆسیقای میللەتەکەی خۆشم بێت، وا ئەزانم کە ئەمە ئەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دەستنیشان کردنی ئەو پەیژە مۆسیقایانەی کە میللەتەکەم بۆ مۆسیقاکەی بەکاری ئەهێنی، تا چی تر ئەو تێکەڵاویەی نێوان فۆرم و پەیژە مۆسیقاییەکان نەمێنێت. دەڵێم ... بەسە با ئیتر باسی پەیژەی مۆسیقا وەکوو پەیژەی مۆسیقا بکرێت و، فۆرم (شێوە یان شێواز)ە کان وەکوو خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. ئەوخاڵانەی کە لەم باسەمدا بە گرنگم زانی ئەمانەن:

١- ناوی پلەدەنگییەکانی مۆسیقا هەر بە شێوە جیهانییەکەی بمێنێتەوە، کە بریتین لە ناوی حەوت پلەدەنگییەکە بەم جۆرە (دۆ . ڕێ . مـی . فا . سۆڵ . لا . ســــــی) و چیتر گوێ نەدرێتە ئەو ناوە زۆر و بۆرانەی کە دروستکراوی دەستی نەزانانی مۆسیقان. بەڵام ڕەچاوی پلە سێ چارەکە دەنگییەکان بکرێت، بۆ ئەوەی لە هەموو پیژەیەکی مۆسیقادا لای کورد بەتایبەتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی پەیژەی کرۆماتیک دەستنیشان بکرێت، نەک وەکوو ئەو دیوانەی کە تائێستا بە ناو هەیە و بەڵام بە کردار ناتوانرێت کاری پێ بکرێت و، لە کەم ئامێری مۆسیقاییدا ئەتوانرێ کاری پێ بکرێت.

٢- ناوی پەیژە سەرەکییەکانی مۆسیقای کوردی کە بریتین لە هەردوو پەیژەی گەورەی بێچارەکە دەنگی (عەجەم)، پەیژەی گەورەی خاوەن دوو پلەی سێ چارەکە دەنگی (ڕاست) هەر وەکوو خۆیان بمێننەوە. گەر نەوەکانی دوای خۆمان یان لە داهاتوودا ناوی شیاوتریان بۆ دانان ئەوا شیاوتر ئەبێت. هەروەها ناوی پەیژە دروستکراوەکانی سەر پلە دەنگییەکانی شەشەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمی ئەو دوو پەیژەیەش وەک پەیژە سەرەکییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

گەر لەسەر ڕوانگەی پەیژە مۆسیقاکەی ڕۆژئاوا هەنگاو بنێین، کە خاوەنی تەنها پەیژەی (گەورە) ن، پەیژەکانی تری سەر پلە دەنگییەکانی شەشەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم بە زادەی (نەوەی) پەیژەی گەورە بزانین، ئەوا ئەبێ بەم جۆرە ڕەفتار لەگەڵ مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەین.

# مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە

زۆری تەنگوچەڵەمەکانی ناو مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیی، بۆتە بەربەستێک و ڕێگرێکی پتەوە لە ڕێی پێش نەکەوتن و فراوان نەبوونی ئاستی گەشەکردنی. بۆیە هەرچەند ورد بینەوە ئەبینین، کە ساڵانێکی دوور و درێژە ئاستی هونەریی لە ڕۆژهەڵات هەر وەکوو خۆی ماوەتەوە. هەرچەندە بە هۆی هەندێک کەسی خۆڕسکی هونەریی بەهرەدارەوە کەم تا زۆر هونەر لەم ناوچەیەدا گەشەی سەندووە. بەڵام دوور بووە لە ئاستی زانستی، بۆیە فراوانیش نەبووبێت ئەوا ئاستێکی کەم بووە و زیاتر بۆتە هۆی (زۆربێ و بۆربێ) کە.

ئەو ڕێگرانەش یان ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی ئەم ئاستنزمی و فراوان نەبوون و پێش نەکەوتنە زۆرن ... لەوانە:

١- زۆری و بۆری ناوی پلە دەنگییەکانی مۆسیقا بەگشتی و پەیژەکانی مۆسیقا بەتایبەتی، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ڕەوتی پێشکەوتنی ئاستی هونەری ئاواز و مۆسیقا هەیە. وەکوو بە ئاشکرا لە هەموو ئاستێکی خوێندندا و لای هەندێک هونەرمەندی ئەم ناوچەیە (ڕۆژهەڵات) دیارە و هەر بەو جۆرەیە. هەر وەکوو ئەوە وایە کە من ئێستا لێرەدا ناوم (سەڵاح) بێت، بەڵام کە چوومە جێگایەکی تر ناوم ببێت بە (هەر ناوێک پێت خۆشە)، بە واتای گۆڕینی ناوەکەم بە پێی شوێن و جێگاکە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا مایەی سەرلێشێواندنی خۆمان و دەوروپشت بە خزم و بێگانەشەوە. جا نموونەی ناوی خۆم نموونەیەکی زیندووە بۆ بەکارهێنانی ناوی پەیژەیەکی مۆسیقا، کە ئەبینین بۆ یەک پەیژەی مۆسیقا چەندین ناو دێتە کایەوە. وەکوو مامۆستا عەبدولڕەحمان چبقچی ئەڵێ: لە پارچە ئاوازێکدا دوو مەقامی جیاوازی بەکارهێناوە، کە ئەمەش ڕووداوێکی گرنگە لە مۆسیقای عەرەبیدا. بەڵام بە داخەوە بەم جۆرە ئەو مۆسیقایە ناوی پەیژەکەی لە دەست داوە و، ئەبوایە بگەڕێین بۆ ئەوەی ناوێکی نوێ بۆ ئەو پەیژە نوێیە دابنێین، بۆیە من ئەڵێم ئەمە بە گەورەترین نوشتی بواری سازو ئاوازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژمار ئەکرێت.

٢- نەبونی سیستمێکی زانستی بۆ نوسینی ڕابەری پەیژەکانی مۆسیقا لەساتی نۆتەنوسینی پەیژەکانی مۆسیقادا بەتایبەتی پەژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (ڕاست) و پەیژە دروستکراوەکانی سەر پلە دەنگیەکانی (شەشەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم)، کەتائێستاش هەرکەسەو بە بۆچوونی خۆی ئەینوسێ.

٣- نەبوونی سیستێمێکی زانستیی بۆ گەشەدان بە پارچە ئاوازێک و بەکارنەهێنانی پەیژەی جیاواز لە ئاوازێکدا و، مانەوەی پارچە ئاوازێک لەسەر یەک پەیژەی مۆسیقایی. بۆیە ئاواز و مۆسیقاکانمان تەنها لە شێوەی فۆرمی ئاواز و گۆرانی فۆلکلۆریدا ماونەتەوە. دیسانەوە بۆیە وەکوو میللەتانی ڕۆژئاوا بەگشتی و میللەتانی ئەوروپا بەتایبەتی نەبووینەتە خاوەنی فۆرمی نوێی وەکوو سیمفۆنی و کۆنسیرتۆ و ... هتد و چەندین فۆرمی نوێی جوان.

٤- نەدۆزینەوەی سیستێمێکی (میتۆدیکی) زانستیی بۆ بەکارهێنانی پەیژەی کرۆماتیک، بەتایبەتی لە پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (ڕاست)دا، کە ئەمەش هۆکارێکی گەورەیە بۆ بەکارهێنانی ئەم پەیژەیە لە ئاستێکی نزمدا.

## کورتەیەکی پێویست لە مێژووی مۆسیقای جیهانی

کۆرت زاکس دەڵێت: (گۆرانی لە چاو ئامێرەکانی مۆسیقادا کۆنتر و لە پێشترە، چونکە ئەو گەلانەی زۆریش دواکەوتوون، بەبێ ئەوەی شتێک دەربارەی مۆسیقا بزانن، کەچی خاوەنی ئاواز و گۆرانی خۆیانن. لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەر بە منداڵی و لەسەرەتای زمان پژانیەوە کاتێک ئەکەوێتە گڕوگاڵ، وردە وردە ئاوازی پچڕ پچڕ ئەچڕێ، تاکوو فێری وشەی گونجاو ئەبێت و چەندین ئاواز لای کۆئەبێتەوە، بەبێ ئەوەی تاکە ئامێرێکی مۆسیقای سەرەتاییش بزانێ.

منیش دەڵێم ... گەر ئەو ئاوازە پچڕپچڕانەی ئادەمیزاد سەرەتا بێت بۆ زمانی ساز و ئاواز، ئەی ناتوانین بڵێین پێش ئەوەی کە ئادەمیزادیش دروست بووبێت، سرووشت دروست بووە و هەندێ جار بە هۆی لەرینەوەی تەنێکەوە، جا بە هۆی کارەساتێکی سروشتییەوە بێت وەکوو باو بۆران و هەورە تریشقە و دیاردە سروشتییەکانی تریش، چەندین ئاوازی لەو جۆرە پچڕ پچڕانە هاتوونەتە کایەوە یان دروستبوون. بۆیە من لای خۆمەوە وای بە باش ئەزانم کە بڵێین: دیاردەی دروستبوونی ساز و ئاواز و گۆرانی هەریەکەیان پەیوەستی دروستبوونی دەنگ پەیداکەرەکەیەتی. ئەو ڕاستییەش ئەوە ئەیسەلمێنێت کە دروستبوونی سروشت پێش دروستبوونی ئادەمیزادە. بۆیە من وای بە ڕەوا ئەزانم کە دروستبوونی ئاوازی مۆسیقا و بگرە ژاوەژاویش پێش گۆرانی بن. دیارە دوای پەیدابوونی ئادەمیزاد زمانی ساز و ئاواز لەگەڵ پێشکەوتنی میللەتانی سەر ڕووی زەمیندا پابەندی ئەو پێشکەوتنەیان بووە، تا هاتۆتە ئەوەی لای هەندێک لە میللەتان پێش لە میللەتانی تر یاسا و ڕێسا بۆ مۆسیقا پەیدا ببێت. لای هەندێ لە میللەتان بە ئەندازەی پێشکەوتنی خۆیان فۆرمی مۆسیقا و گۆرانی جۆراوجۆر هاتە کایەوە. لە هەمەن ساتیشدا لای میللەتانی دواکەوتوو هەر بە شێوە سادەییەکەی خۆی ماوەتەوە و بگرە کاری زۆر بە پێزیشیان فەوتاوە و لە دەست چووە.

سەبارەت بە دۆزینەوە و دروستکردنی ئامێری مۆسیقا لە ژیانی ئادەمیزاددا مشتومڕی هەمەجۆر هەیە، کە تەنانەت هەندێکیان جێی متمانە نین و تەمێکی ئەفسانەوییان بەسەرەوەیە. لەو ئەفسانانە ئەفسانەیەکی چینی هەیە دەڵێت: (باڵندەیەکی نەناسراو ڕێنوێنی مرۆڤی کردووە، بۆ دۆزینەوەی ئامێری مۆسیقا). یان دەڵێن: لامک کە بە چەند پشتێکی ئەچێتەوە سەر ئادەم، یەکەمین کەسێکە کە ئامێری عودی دروستکردووە و، یۆپاڵ و تۆپاڵیش کە هەردووکیان کوڕی ئەو بوون، پەییان بە دۆزینەوەی مۆسیقا بردووە و ئامێرەکانی (عود، تەپڵ، دەف)یان دروستکردووە. موسای پەیامبەریش ئەفەرموێت: تۆپاڵ

له پێش تۆفانەکەی حەزرەتی (نووح)دا ژیاوە و ئەو باوکی هەموو نەیژەن و عودزانێکە. (نووح)یش خۆی یەکەمین کەسێکە کە مۆسیقای بەکاربردووە. ئەو عودی دروستکردووە و ئاوازی پێ دەرهێناوە، بەڵام ئەو عودە لە تۆفانەکەدا لەناو چووە، لە ڕۆژگاری (داوود) پێغەمبەردا دۆزراوەتەوە و چاکراوەتەوە و بەکارهێنراوە. ( هـ .ج . فارمەر).

شارەزاکانی مێژووی مۆسیقا لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری مۆسیقا بە قوڵی چوونەتە بنج و بناوانی، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاکامێکی یەکجاری و دڵنیاکار. هێندێک دەڵێن وڵاتی هیندوستان لانکەوازی مۆسیقا بووە. هێندێکی تر دەڵێن وڵاتی بابل کە جێگەی جادووگەری و زانست بووە. هێندێکی تر دەڵێن مۆسیقا لە وڵاتی میسر لە دایک بووە. هێندێکی تر لەسەر ئەوە سوورن کە وڵاتی (ئێرانە)، چونکە لانەی سیحر و جادووگەری بووە و هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە گەیشتۆتە وڵاتی یۆنان و دوای ئەوانیش گەیشتۆتە وڵاتانی ئەوروپا. عەرەبەکانیش لە سەردەمی داگیرکردنەکانی ئیسلامدا (گام) پەیژەی مۆسیقایان هەر لەوێوە وەرگرتووە. هەروەها تورکەکانیش بنەمای مۆسیقایان هەر بۆ ئەوێ ئەگەڕێتەوە. عیبرانییەکانیش لە دێر زەمانەوە خاوەنی مۆسیقای خۆیان بوون و گرنگی زۆریان پێداوە و گەلێ ئاوازی بەسۆز و دڵگیریان داناوە، کە لە کۆڕی ئاینیدا وتویانە. لە (تەورات)یشدا ناوی هەندێک دانەری مۆسیقا و دەنگخۆش و ئامێری مۆسیقا هاتووە، لە دەنگخۆشەکانیان ناوی (داوود) پێغەمبەر و (سلێمان) هاتووە. فیرعەونەکانی میسریش لە داب و دەستوری خۆیاندا سێ جۆری ئامێری مۆسیقایی (ژێدار و تەپڵ و فووکار)یان بەکاربردووە. لە فەرەنساش ئەشکەوتێک هەیە پێی دەڵێن (لانەی نۆتۆن)، هەندێ ئامێری ساکاری مۆسیقاییان تیا دۆزیوەتەوە، کە یەکێکیان فیکە فیکێکە لە ئێسکی لولاقی بزن دروستکراوە.

بەڵام ئەوەی بە نووسین وەکوو سەرچاوەیەکی ڕوون لەبەر دەستدا بێت، نووسینی یۆنانییەکانە، کە هەردەم شیعر و مۆسیقایان هاوڕێ و هاوکاری یەک بوون. شیعرەکانیان بە هاوکاری و یارمەتی ئامێری مۆسیقایی تار (تەمورە) خوێندووە. هەرچەندە مۆسیقا لە سەرەتادا تەنها بۆ ڕاگرتنی ڕەزمی (ریتم) بەکارهاتووە و بەو پێشکەوتنەی ئێستا نەبووە، تەنها دابونەریتێکی سەرەتایی بووە، کوتومتیش لە دابونەریتی ئاینی (زەرتووشت) چووە.

هونەری مۆسیقا دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیح لە وڵاتانی ئەوروپادا زیاتر گەشەی سەند و زەمینەیەکی لەبارتری بۆ لووا، بەتایبەتیش لە ڕۆژگاری قوستەنتینی ئیمپراتۆردا، کە لە ساڵانی 312 ی زاینیدا ئازادی بە دیانەتەکان دا کە دەستوری ئاینی خۆیان بەجێ بهێنن. لەو سەردەمەدا سرووتێک دەرکەوت، کە سۆز یان موناجاتێک بوو، بە شان و شکۆی یەزداندا بێژرابوو، تەنها بە دەنگی ئادەمیزاد ئەبێژرا و ئامێری مۆسیقایی لەگەڵدا بەکارنەدەبرا.




ئەو جۆرە نەریتە بەردەوام بوو تا سەردەمی پاپا گریگۆری گەورە، تا لەسەردەمی ئەودا و بە دەرکەوتنی جیدۆ ئەریتزۆ لە (990_1050)ی زاینی کە ڕەبەنێکی دییان بوو، گرێ کوێرەی لە زمانی مۆسیقادا کردەوە،کە تائەمڕۆش جێ پەنجەی دیارە. ئەویش بەدانانی سرووتێک کە تەواوی هەر حەوت پلە دەنگییەکەی مۆسیقایی تیا دەستنیشان کرد، کە بۆ (جان پاتیست) ی قەدیسی دانا، بەو جۆرەی کە لە سەرەتای هەر بەیتێکی شیعرەکەیدا، بە یەکێ لەو پلە دەنگیانەی مۆسیقا دەستی پێئەکرد. بە واتای هەر حەوت پلە دەنگییەکانی (ئوت (دۆ) _ ڕێ _ میٔ _ فا _ سۆڵ _ لا _ سی) بەکارهێنا. هەرچەندە ئەم وشانە خۆیان سەربەخۆ هیچ مانایەکییان نەئەبەخشی تەنها ئەوە نەبێت، کە یارمەتی مرۆڤ بدەن بۆ دەستنیشانکردنی پلە دەنگییەکانی مۆسیقا لە پلەی نزمەوە بۆ پلەی بەرز. هەرچەندە ئێستا لە باتی ئەو حەوت پلە دەنگیانە لای هەندێک لە گەلانی جیهان بەتایبەتی ئینگلیز، بۆ ناو بردنی ئەو حەوت پلە دەنگییە، پیتەکانی زمانی لاتینی بەکار ئەهێنرێن. دێرە شیعرەکانیش بەم جۆرە بوون : A , B

C , D , E , F , G

***De complete hymmne-tekst : luidt***

***Ut*** *queant laxis*

***Re****sonare fibris*

***Mi****ra storum*

***Fa****muli tuorum*

***Sol****ve polluti*

***la****bii reatum*

**S**ancte **I**oannes



دوای ئەم ئیتر زمانی ساز و ئاواز بەرە بەرە لەگەڵ پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی گەلاندا پابەندی پێشکەوتنیان بووە. لەسەر بیروڕاکەی کۆنفۆشیۆس کە دەڵێت:

( گەر ئەتەوێ ڕادەی شارستانی هەر میللەتێک بزانیت، گوێ لە مۆسیقاکەیان بگرە) . سەدەی شازدەهەم بە سەدەی زێڕین و وەرچەرخان ناسراوە، لەبەر پەیدا بوونی فۆرمی جۆراوجۆری مۆسیقای وەکوو:

کۆراڵ_Coral ، مادریجاڵ_ Madrigal ، ئۆپێرا_Opera ، کانتاتا_Cantata ، ئۆراتۆریۆ_Oratorio، لیید_Lied، فۆگا_overture، پریلیۆد_Prelude، دیسان سۆناتا_Sonata، کۆنسێرتۆ_Concerto، سیمفۆنی_ Symphony و چەندین فۆرمی مۆسیقای هاوچەرخ، کە بە دەست و پەنجەی مۆسیقازان و مۆسیقاناسانی بلیمەتانی وەکو:و باخ، هاندڵ، هایدن، مۆتزارت، ڕۆسینی، بیتهۆڤن، شۆبەرت، شۆپان، پرامز، ڤاگنەر، کۆرساکۆف، چایکۆفسکی، شتراوس و خاچادۆریان و چەندانی تریش، کە تا ئێستاش کارە هونەرییەکانیان لە گوێی ئادەمیزاددا ئەزرنگێتەوە. بەڵام سەیرکە ئەم ناوە بلیمەتانە تەنها هەر لە مۆسیقای ڕۆژئاواییدا هەن، تەنها چەند کەسێکی وەکوو کۆرساکۆف و خاچادۆریان نەبێت، کە لەسەر مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی هەژمار ئەکرێن. بەڵام بەداخەوە دیسان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناگرێتەوە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە میللەتی کوردیش وەکوو میللەتانی تری سەر دنیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی هیچ نەبووبن. بەڵکوو ئەتوانین بڵێین کە تاوانی دیار نەبوونی کەلتوری مۆسیقای کوردی لە ئەستۆی گەردوون و مێژوویدایە، دیار و ئاشکرایە کە میللەتی کورد لە دێرزەمانەوە گیرۆدەی دەستی داگیرکەران و دوژمنانییەتی، کە هەردەم نەیان هێشتووە هیچ کاتێک میللەتی کورد ئاهێکی بەبەردا بێتەوە. هەرچەندە من بە زیرەکی و ئازایەتی ئەزانم کە تائێستاش کەسی کورد توانیویەتی سنگاوسنگ بەهۆی کەسانی بلیمەتی وەکو زیرەک و مامڵێ و ئەزغەرو سێوە و مەردان و خاڵەتایەر و خالقی و ڕەزازی ...هتد. کەلتوری خۆی بپارێزێت و لە دواییدا ئەمە ئەسەلمێندرێت.

گرنگترین هۆکار بۆ بزواندن و گەشەسەندنی هونەری ساز و ئاواز (مۆسیقا و گۆرانی)، دەستنیشانکردن (پۆلێنکردن) و گەشەدان بەو دەستنیشان و پۆلێن کردنەیە بەم جۆرە:

**١– دەستنیشان و پۆلێنکردنی پەیژە مۆسیقایەکان.**

**٢– گەشەدان بەو پەیژە مۆسیقاییانە و بەکارهێنانی زیاتر لە پەیژەیەکی مۆسیقایی لەنێو پارچە ئاوازێکدا.**

## ١- دەستنیشان و پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقا

ئاشکرایە کە هەموو گەلانی سەر ڕووی زەمین کەم تا زۆر جۆری کەلتور و هونەری مۆسیقایان پەیوەستییەکی بەیەکەوە هەیە. هەرچەندە بە هۆی باری سروشتیی و کۆمەڵایەتی و بگرە بارودۆخی ڕامیاری و ئابووریش کە گاریگەرییەکی زۆریان لە فراوانکردنی ئاستی ئەو هونەر و کەلتوورە هەیە، کەم تا زۆر میللەتان ڕۆژانە هەوڵی چاککردن و لەبارکردن و شیاوکردنی هونەرەکەیانن. ئاشکراشە کە گەلانی ئەوروپا بە هەمان دەردەسەری و نەهامەتییان بەهۆی جەنگ و پێکدادان و بارە نەهامەتییەکانی کۆمەڵگادا ڕۆشتوون، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ هونەرەکەیان فراوانتر و بەرەو پێشتر ئەچێت. وەنەبێت ئەو گێژاو و جەنجاڵییەی کە ئێستا لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە ئەوانیش بە خۆیانەوە نەدیبێ ... بەڵام لە زیرەکی و کارامەیی خۆیان کە ڕۆژانە خەمخۆریی بەرەو چاککردن و لەبارکردنی هونەرەکەیان بوون. بۆیە ئێستا گەیشتونەتە ئەو ئاکامەی کە ئێستا تیایدان، بە واتای شەنکردنی تەواوی هونەر بەگشتی و، هونەری مۆسیقا بە تەواوی. هەروەها گەلانی خۆرهەڵاتی ئاسیاش کە بریتین لە گەلانی هیند و چین و ... هتد، ئەوانیش کەم تا زۆر هەر خەمخۆری هونەرەکەیان بوون. بەڵام هێشتا نەگەیشتونەتە ڕادەی گەلانی ئەوروپا لە چاکسازی هونەرەکەیان بەگشتی و هونەری مۆسیقا بەتایبەتی. بەڵام ئەمە ئەوەش ناگەیەنێ کە کاری چاکیان نەکردبێت و بەردەوامیش نەبن لە چاکسازیدا، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە هونەرەکەیان (بەتایبەتی هونەری مۆسیقا) چۆن بووە، ئێستاش هەروایە و جەنجاڵتریشە. (من لێرەدا تەنها باس لە پەیژە و فۆرمە مۆسیقاییەکان ئەکەم)، ئەوەتا چەندین کۆنگرە و چەندان بڕیاری کۆ و تاکەکەسیش تەنها کەمێکیش لە باری گرانی ئەو جەنجاڵییەی کەم نەکردۆتەوە.

گەلانی ئەوروپا پاش ئەوەی گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە بنەمای مۆسیقاکەیان بریتییە لە هەردوو پەیژەی گەورە و بچووک و چەند پەیژەیەکی دروستکراو، ئەم پەیژانە ڕۆژ بە ڕۆژ چاکسازی تیا ئەکرێت و لە نرخە زانستییەکەی پتر ئەکرێت، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە، کە گەلانی ئەورووپا لەسەرکردەکانیانەوە تا منداڵێکیان خۆیان بە خاوەنی ئەو کەلتوورە ئەزانن، هەرکەسێک ڕۆژێک لە ڕۆژان کارێکی زانستی بکات، ئەوا دەستی نەوازشی ئاڕاستە ئەکرێت و خۆشحاڵیشی بۆ دەرئەبڕدرێ، تەنانەت کەسانێکی بێگانەش بەوان کارێکی زانستی بکەن ئەوا هەر بەو چاوەوە سەیر ئەکرێت، هەر هەمان پێشوازی لێ ئەکرێت. تەنانەت کارەکەشی تەنها لە خزمەتی میللەت و کۆمەڵگاکەی خۆشیدا بێت هەر هەمان دەستخۆشکەری لێ ئەکرێت و یارمەتی و کارئاسانیشی بۆ ئەکرێت.

ئێمەی کوردیش کە بەشێکین لە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمان دەردەسەری و نەهامەتی کە بەسەر مۆسیقا و کەلتوری هونەری ئەو گەلانەدا هاتبێت ئێمەشی لێ بێبەش نەبووین. هەرچەندە ئێمە وەک خۆمان ئەیزانین و مێژووش پێمان دەڵێت، کە خاوەنی بیروباوەڕێکی (دین) مۆسیقائامێزین و کەلتوڕێکی مۆسیقایی فرە دەوڵەمەندمان هەیە.

بەڵام لەبەر گوێ پێنەدان و کەمتەرخەمی و لێنەپرسینەوەی هونەرمەندان و کۆمەڵگا و بگرە لێپرسراوانیش، هونەرەکەمان زۆربەی زۆری لە ناوچوون و، یان گەلانی تر کەڵکیان لێ وەرگرتووە. هەرچەندە من دەسخۆشی لە هونەرمەندانی دراوسێ و بێگانە ئەکەم کە بە هەر شێوەیەک بێت بوونەتە مایەی ئەوەی کە بەشێکی کەم نەفەوتێت، ئێستا گەر ئێمە چابووک بین لێیان وەرئەگرینەوە و دەستخۆشیشیان لێ ئەکەین. بەڵام وەکوو وتم ئەو نەهامەتی و بارودۆخە نالەبارەی بە درێژایی مێژوو بەسەر گەلەکەماندا هاتووە هۆکاری گرنگ بوون. گەر ئاوڕێکی خێرا بە مێژووی گەلەکەماندا بدەینەوە، بۆمان دەرئەکەوێت کە مۆسیقا و گۆرانی کـــــوردی لە هەموو میرنشینە درێژخایەن و کەمخایەنەکانیشدا هەر جێی سەروەری میللەتەکەمان بووە. هەر لە ڕێی ئەوان و برەو پێدانیان بە پلەوپایەی هونەر و هونەرمەندان هونەرەکەمان کەم تا زۆر هێشتا کەڵکی ئەوەی پێوە ماوە کە هەوڵ بدەین کە چیتر بەر شاڵاوی فەوتان نەکەون. بەڕای من گرنگە ئێمە ئاوڕێک لە کەلتوری هونەری مۆسیقا و گۆرانییەکانمان بدەینەوە و سەر لە نوێ بە زانستکردنیان و دوورخستنەوەیان لە جەنجاڵی و سەرلێشێواوی. ئێمەی کورد کاتی ئەوەمان هاتووە کە بایەخ بە هونەرەکەی خۆمان بدەین، ئەو دراوسێیانەی کە کەڵکیان لە هونەرەکەمان وەرگرتووە، بە سوپاسەوە لێیان وەربگرینەوە و چیتر هەقمان بەسەر ئاڵوزی و جەنجاڵی مۆسیقا و گۆرانی گەلانی دراوسێوە نەبێت. ڕێگە زانستییەکان بگرینە بەر بۆ برەو پێدان و بایەخ پێدانیان، تا ئەو ڕۆژە دێت هەر وەک چۆن میللەتەکەی ئێمە بە تاسەوە گوێ لە ئاواز و مۆسیقای بیانی و گەلانی دراوسێمان ئەگرێت، ئاوا گوێ لە مۆسیقا و ئاوازەکانی خۆمان بگرین. هەروەها بە کاری بەپێز و سەردەمیش ئەتوانیین گەلانی جیهان وا لێ بکەین کە بە خۆشحاڵییەوە گوێ لە ئاواز و مۆسیقاکەمان بگرن. بۆیە من لە لای خۆمە وە لە کتێبی پێشومدا (پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) پۆلێنی زۆربەی زۆری پەیژە مۆسیقاییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم کردووە و، بە شێوەیەکی زانستی پەیژە سەرەکییەکان و پەیژە لاوەکییەکانیشم دەستنیشان کردووە. ئەوەش هەر بەو مەبەستە بوو کە ئەمڕۆ کەڵک لەو زانستیانە وەربگرم تا پۆلێنی ڕاستەقینەی ئاواز و پەیژە و فۆرمە مۆسیقاییەکانی کوردی پێ بکەم. بۆیە لەم کتێبەشمدا دەرئەنجامی ئەو پۆلێنکردنە بە کورتی ئەخەمەوە پێش چاو تا کارەکەم نامۆیی پێوە دیار نەبێت.

## ٢– گەشەدان بەفۆرمە کوردیەکان بە بەکارهێنانی زیاتر لە پەیژەیەکی مۆسیقایی لەنێو پارچەئاوازێکدا

ئاشکرایە هونەری مۆسیقای کوردی لە دێر زەمانەوە خاوەنی کەلتورێکی ڕەسەن و دەوڵەمەند بووە. هەرچەندە لەسەرەتای بوونیەوە تاکوو سەردەمانێکی زۆر نزیک هەروەکوو خۆی ماوەتەوە و هیچ گەشەپێدانێکی بەخۆیەوە نەدیوە. هۆکاری ئەم گەشەنەسەندنەش زۆرن، لەوانە میللەتی کورد تاکوو سەردەمێکی زۆر نزیک خاوەنی دەسەڵاتی خۆی نەبووە و هەر گیرۆدەی دەستی داگیرکەران و چەوسێنەران بووە و ئەمەش بۆتە هۆی نەتوانینی کۆکردنەوە و گەشەپێدان بەو هونەرە. دیسان نەتوانینی هونەرمەندان بە فراوانکردنی ئاستی ڕۆشنبیری هونەری خۆیان و، هەوڵدان بۆ فراوانکردنی ئاستی هونەرەکە و نەگیشتنی بە ئاستی هونەری گەلان. بۆیە هونەرەکە تەنها لە ئاستی هونەری فۆلکلۆریدا ماوەتەوە، وەکوو گەلانی پێشکەوتوو نەبووینەتە خاوەنی فۆرمی مۆسیقای نوێتر لە فۆرمی فۆلکلۆری. هەر بۆیە ئەتوانین بڵێین لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا لە پێش ئەوەی پێناسەیەکی باش بۆ مۆسیقاکەیان بدۆزنەوە، ئەوانیش هەر وەکوو کورد بوون، بەتایبەتی میللەتانی ئەوروپا تا پێش دۆزینەوەی پەیژەی تێکڕایی لە لایەن (باخ)ەوە. ئەوانیش پاش ئەو کارە گەورەیەی باخ بەرەبەرە بەرەو فراونکردنی ئاستی هونەری مۆسیقاکەی خۆیان بوون. ئەوە بوو پاش ئەو ڕووداوە گەورەیە فۆرمە مۆسیقاییە جیاجیا و نوێکانی وەکو سیمفۆنی کۆنسیرتۆ و ... هتد، لە مۆسیقای ئەوروپیدا هاتە کایەوە.

هەر بەو هۆیەشەوە بلیمەتانی وەکوو مۆتزارت و بیتهۆڤن و هونەرمەندانی بلیمەتی تر دەستیان هەبوو لە فراوانکردنی ئاستی هونەرەکەیان و، ڕۆژانە لەو فۆرمە مۆسیقاییە نوێیانە بە شێوەی گونجاو و لەبارتر کاری تیا ئەکرا. ئەوە بوو لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا زۆربەی زۆری ئەو فۆرمە مۆسیقاییە نوێیانە بەو پەڕی گەشەدارییەوە کەوتنە بەر گوێ و دیدەی هەموو جیهان. هەرچەندە لەو سەردەمانەدا دەستگاکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و تۆمارکردن بەتایبەتی گەر نەتوانین بڵێین نەبوو، ئەوا زۆر دەگمەن بوون. لەگەڵ ئەوەشدا هونەرەکە ئەوەندە گەشەی سەندبوو پێوستی بە ڕاگەیاندن نەبوو، بەڵکوو خەڵکی وا لێ کردبوو، کە بە دوایدا ئەگەڕان و عەوداڵی گوێگرتن و بینینی بوون. بۆیە هۆکاری یەکەمی فراوانکردن و ناسینی هونەری هەر میللەتێک پەیوەستە بە جۆری ئاستی هونەرەکەی، جا گەر هونەرێک هەر لە ئاستی فۆلکلۆرییەکەیدا بمێنێتەوە بە هیچ جۆرێک پێشکەوتن و فراوانکردنی ئاستی ئەو هونەرە بەدی ناکرێت. بۆیە من لەلای خۆمەوە لەسەر بنەما زانستییەکانی مۆسیقای ڕۆژئاوایی جۆری گۆڕانکارییەکانی نێوان ئاوازێکی مۆسیقام دیاری کردووە، بۆ ئەوەی چیتر ئاواز و مۆسیقاکانمان لەسەر ئاستی هونەری فۆلکلۆری نەمێنێتەوە و، ئێمەش وەکو هەموو میللەتانی تری سەر ڕووی زەمین ببینە خاوەنی فۆرمە مۆسیقاییەکانی تری وەکوو گەلانی پێشکەوتووی جیهان و چیتر لەو ئاستە نزمەدا نەمێنێتەوە. هەرچەندە هەندێ جاری دەگمەن لەلایەن هەندێ هونەرمەندی دەگمەن

و بەهرەدارەوە، هەوڵی بەکارهێنانی زیاتر لە پەیژەیەکی مۆسیقا لە ئاوازێکدا دراوە، بۆ نموونە (فاتیمە)کەی هونەرمەندی گۆرانیبێژی بەهرەداری کورد عەلی مەردان. بەڵام ئەم هەوڵانە زۆر دەگمەنن و بەداخەوەش دەڵێم پەیوەندی بنەمایەکی زانستی نەبووە، بەڵکوو بەهرەیەکی خۆڕسک بووە. جا ئەگەر ئەم هونەرمەندە بلیمەتە پێشینەیەکی زانستی هونەری هاوچەرخی ببوایە ئەوا من زۆر لام ئاسایی بوو کە کەڵەکاری زۆری بۆ میللەتی کورد بەجێ ئەهێشت، هەرچەندە کەمتەرخەمیشی نەکردووە. بەهەرحاڵ ئێمەی کورد تا ڕۆژێک زووتر ماڵی خۆمان کۆبکەینەوە باشترە. ئێمەی کورد خاوەنی کەلتورێکی زۆر گەورە و دەوڵەمەندین، بەڵام مەخابن لەبەر ئەوەی دوورین لە زانستی هونەرییەوە، بۆیە هونەرکەمان بەتایبەتی لە ئاستی فۆلکلۆریدا ماوەتەوە و گەر واش بڕوات هەروا ئەمێنێتەوە. بۆیە من لەلای خۆمەوە بە پشت بەستن بە زانستییە جیهانییەکان، لێکۆڵینەوەیەکی زۆرم لە پەیژەکانی مۆسیقای میللەتانی هەموو جیهان هەر لەم پەڕی دنیا تا ئەوپەڕی دنیا کردووە. پاش تێگەیشتنم لە هۆکارەکانی چۆنییەتی پێشکەوتنی هونەری ساز و ئاوازی هەموو گەلانی پێشکەوتوو گەیشتمە ئەو ئاکامەی، کە ئەبێت ئێمەش چاو لە میللەتانی پێشکەوتوو بەتایبەتی میللەتانی ئەوروپا بکەین، تا ئاستی هونەرەکەمان بگەیەنینە ئاستی پێشکەوتووی هونەرەکەی ئەوان.



**تیپی مۆسیقای پیرەمێرد**

## پەیژەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردی بەتایبەتی

پاش ئەو گەڕانە زۆرەم و ئەو ئامادەبوونانەم لە دەیان وانە و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی پەیژەی مۆسیقایی و، هەموو بابەتەکانی مۆسیقالۆژی و بگرە ئەتنۆمۆسیقالۆژیش لە زۆر لە وڵاتانی جیهان، هەروەها ئەو نامیلکە و کتیبە زۆرانەی کە لەبەر دەستمدا بوون و ئەو جەنجاڵییەی مێشکی خۆشم، کە هەردەم وای لێ ئەکردم بە دوای ڕاستییەکاندا بگەڕێم و چیتر دوای وتە کۆن و سواوەکانی وەک، کە کورد پەیژەی مۆسیقایی نییە، یان مۆسیقای کوردی تەنها لە قەبارەی سێ چوار دەنگییەکدایە و ناکرێ ببێتە پەیژەی مۆسیقایی. ئەمانە هەموویان منیان وروژاند کە تیۆرێکی ڕاستەقینە بۆ بەپەیژەکردنی ئاواز و گۆرانییە کوردییەکان بدۆزمەوە و بەم جۆرەی خوارەوە لەسەریان بدوێم:



**ئامێرە فووداره‌کانی تیپی مۆسیقای پیرەمێرد**

# پەیژەکانی مۆسیقای کوردی

## پێک دێن لە دوو پەیژەی گەورەی مۆسیقا و پەیژە نەوەکانیان

**١– پەیژەی گەورەی بێ سێ چارەکە دەنگیی (عەجەم):** لەگەڵ پەیژە نەوەکانی (ئەو پەیژانەی کە لەسەر پلە دەنگییەکانی شەشەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەمی بنیات ئەنرێت.

**٢– پەیژەی گەورەی خاوەن سێ چارەکە دەنگیی (ڕاست):** لەگەڵ پەیژە نەوەکانی (ئەو پەیژانەی لەسەر پلە دەنگییەکانی شەشەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەمی بنیات ئەنرێت.

### ١– پەیژەی یەکەم (١) پەیژەی گەورەی بێ سێ چارەکە دەنگیی (عەجەم):

تەواوی ئەو پەیژە مۆسیقاییانەیە کە لە وڵاتانی هەموو دونیادا بەگشتی و، لای نەتەوەکانی ئەوروپاش بەتایبەتی بە ناوی پەیژەی گەورە (ماجۆر) بەکار دێن. لای زۆربەی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێی دەڵێن پەیژەی گەورە. هەندێکیش پێی دەڵێن (عەجەم، ئەو کەس و میللەتانە ئەگرێتەوە کە بە ڕەگەز عەرەب نین). هەر میانە دەنگی پەیژەی گەورەی ڕۆژئاواییە بە هەمان جۆرەکانی.


### ا – سەر پلەی بنکە:

ئەم پەیژە مۆسیقاییە هەر ئەو پەیژە مۆسیقاییەیە کە ئێستا لای گەلانی دنیا بەگشتی و، لای گەلانی ئەوروپا پەیژەی گەورە (Major Scale)ی پێ دەڵێن. لای وڵاتانی عەرەبی نازناوی (عەجەم)، کە وشەی بێگانە یان ئەو گەلانەی عەرەب نین ئەگرێتەوە. بۆیە من بە چاکی ئەزانم کە وشەی پەیژەی گەورە پڕ بە پێستی ئەم پەیژە مۆسیقاییەیە و، با ئێمەش وشەی بێگانەی نەخەینە پاڵ چونکە ئەو پەیژە مۆسیقاییە بە میللەتی کورد نامۆ نییە. ئەو ناوانەی تریش کە لەسەر هەمان پەیژەی مۆسیقا ڕووئەدات وەک (عەجەم حیجاز، دڵدار، عەجەم کورد، نەورۆز)، کە بە هۆی گۆڕانکارییەکی لاوەکییەوە ڕووئەدات و کە تەنها بریتییە لە جوانکاری لە ژەنینی ئەم پەیژە مۆسیقایەدا، باشترە ئەم جۆرە گۆڕانکارییە لاوەکیانە بەلاوە بەرین و تەنها وشەی (پەیژەی گەورە– یان پەیژەی گەورەی بێ چارەکە دەنگی) بۆ بەکار بهێنین. پێم وایە ئەم شەنکردن و پاکژکردنە مایەی کەم بوونەوەی جەنجاڵییە لە مۆسیقا و ئاوازەکانماندا.

١– پەیژەی گەورە، ماژۆر (عەجەم): عەرەب پێی دەڵێت (عەجەم عەجەم) یان (عەجەم کەبیر) عەجەمی گەورە، هەمان پەیژەی (دۆ) ی گەورەیە بێدەستکاری پلە دەنگییەکانی.

T T S T T T S

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





٢– پەیژەی گەورەی (عەجەم حیجاز) یان شوق ئەفزا.

بە تەواوی و بێگۆڕانکاری پەیژەی گەورەی هارمۆنییە، کە پلە دەنگی شەشەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت.

T T S T S TS S

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





٣– پەیژەی گەورەی (عەجەم نەهاوەند) پەیژەی (دڵدار)یشی پێ دەڵێن.

ئەم پەیژە مۆسیقایە، تەنها جیاوازی لەگەڵ پەیژەی گەورەی سرووشتیدا ئەوەیە، کە پلەی حەوتەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت. (ئەمە گۆڕانکارییەکی لاوەکییە، لەوە ئەچێت کەسێک لە خۆوە ئەو گۆڕانکارییەی کردبێت و ناچێتە خانەی یاسای میانەی نێوان پلە دەنگییەکانی پەیژەی مۆسیقا، لای ئەوروپیەکانیش فەرامۆش کراوە). پەیژەیەکی زۆر بەناوبانگ نییە، تەنها لای فارسەکان بایەخی پێ ئەدرێت.

T T S T T S T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




## ٤- پەیژەی گەورەی (عەجەم کورد) مێجۆر میلۆدی.

بە تەواوی پەیژەی گەورەی میلۆدییە، کە هەردوو پلەی شەشەم و حەوتەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێن.

T T S T S T T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




## تێبینی :

بۆ دەستنیشانکردنی میانەی پلە دەنگیەکان چەند ئامڕازێک بە کار هێنراونلەوانە :

T , 1, 4 ئەم هێمایانە بۆ دەستنیشانکردنی پلەیەکی دەنگی تەواون.

¾ , K , 3 بۆ پلەسێ چارەکە دەنگیەکان بەکاردەهێنرێن.

½ , S , 2 بۆ پلە نیو میانەییەکان بەکاردەهێنرێن.


هەروەها ئەتوانرێ دوان لەم هێمایانە بەیەکەوە بەکار ببرێن.

## ٥- پەیژەی گەورەی (عەجەم حیجاز)، پەیژەی (نەورۆز)یشی پێ دەڵێن.

ئەم پەیژە مۆسیقایە، تەنها جیاوازی لەگەڵ پەیژەی گەورەی سرووشتیدا ئەوەیە،کە پلەی پێنجەمی نیو پلەی دەنگیی بەرز دەکرێت. (ئەمە گۆڕانکارییەکی لاوەکییە، لەوە ئەچێت کەسێک لە خۆوە ئەو گۆڕانکارییەی کردبێت، ناچێتە خانەی یاسای میانەی نێوان پلە دەنگییەکانی پەیژەی گەورەی مۆسیقا و لای ئەورووپیەکانیش فەرامۆش کراوە). پەیژەیەکی زۆر بەناوبانگ نییە. تەنها لای فارسەکان بایەخی پێ ئەدرێت.

T T S TS S T S

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .



## ب – پەیژەکانی تری سەر پلە دەنگییەکانی تری پەیژەی گەورەی بێ سێ چارەکە دەنگ:

### هەر وەکوو ڕۆژئاوییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لەسەر پلە دەنگییەکانی (شەشەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەم)ی پەیژەی گەورە، پەیژە نەوەکانی پەیژەی مێجۆری ڕۆژهەڵاتیی دروست دەکرێت بەم شێوەیە:

**١– پەیژە مۆسیقای سەر پلەی شەشەمی پەیژەی گەورەی ڕۆژهەڵاتیی.**

**پەیژەی بچووک (مینۆر) یان نەهاوەند.**

هەر وەکوو پەیژەی بچووکی ڕۆژئاوایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرسێ جۆرە پەیژەکەی (بچووکی سرووشتی و بچووکی هارمۆنی و بچووکی میلۆدی) بە هەمان جۆر و شێوە بەکار ئەهێنرێن. بۆیە پێویست ناکات جارێکی تر دووپاتیان بکەمەوە. بەڵام لە ڕاستیدا لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم جۆرانەیان بەناوبانگن:


### ا– پەیژەی بچووکی سرووشتی:

(هەمان پەیژەی بچووکی سروشتی ئەوروپییە)، بەڵام بە ناوی جیاواز. ئالێرەوە گرفتەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیی دەست پێ ئەکات. لەبەر ئەوەی هەمان پەیژەی مۆسیقا گەر لەسەر پلە دەنگی (دۆ) بێت ناوێکی هەیە، بەڵام گەر خرایە سەر پلە دەنگییەکی تر ئەوا ناوەکەی ئەگۆڕێت. ئەوەی شایانی باسە تا پێش سەدەی شازدە لە ئەوروپاش هەمان گرفت هەبوو، بەڵام پاش دەستنیشانکردنی پەیژەی تێکڕایی (معدل) ئەو گرفتەیان لەناو برد.

پەیژەی بچووکی سروشتیی ئەم ناوانەی هەیە و (هیوادارم تەنها ناوێک بەکاربهێنرێت، کامەی لە میللەتی کوردەوە نزیکە بەکار ببرێت)، نەهاوەند کورد یان نەهاوەندی تورک یان فەرەح فەزا یشی پێ دەڵێن.

T S T T S T T

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




## ب– پەیژەی بچووکی هارمۆنی:

نەهاوەند حیجاز یان نەهاوەندی گەورە یان نەهاوەند نەگریز یان (سوڵتانی یەکگا) یشی پێ دەڵێن.

T S T T S TS S

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





## ج– پەیژەی بچووکی میلۆدی:

نەهاوەند عەجەم یان تەرزی نوێ (جدید) یشی پێ دەڵێن. میانەی پلە دەنگییەکانی لە سەر چووندا بەم جۆرەن، لە هاتنە خوارەوەشدا وەکوو پەیژەی بچووکی سروشتی لێ دێت.

T S T T T T S

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا.





## د– پەیژەی بچووکی دوو نەهاوەند (نەهاوەندەین):

لای فارسەکان (نەهاوەند بزورگ)یشی پێ دەڵێن، جیاوازی ئەم پەیژەیە ئەوەیە پلەی شەشەمی نیو پلەی دەنگی بەرز دەکرێت، (ئەمە گۆڕانکارییەکی لاوەکییە، لەوە ئەچێت کەسێک لە خۆوە ئەو گۆڕانکارییەی کردبێت و ناچێتە خانەی یاسای میانەی نێوان پلە دەنگییەکانی پەیژەی بچووکی مۆسیقا)، پەیژەیەکی زۆر بەناوبانگ نییە، تەنها لای فارسەکان بایەخی پێ ئەدرێت.

T S T T T S T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




## هـ- پەیژەی بچووکی نەهاوەند کورد (نەوبەهار):

جیاوازی ئەم پەیژەیە ئەوەیە پلەی پێنجەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت، (ئەمە گۆڕانکارییەکی لاوەکییە، لەوە ئەچێت کەسێک لە خۆوە ئەو گۆڕانکارییەی کردبێت و ناچێتە خانەی یاسای میانەی نێوان پلە دەنگییەکانی پەیژەی بچووکی مۆسیقا). پەیژەیەکی زۆر بەناوبانگ نییە، تەنها لای فارسەکان بایەخی پێ ئەدرێت.

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەن:

T S T S T T T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





## و- پەیژەی بچووکی نەهاوەند مورەسەع، (بەزم ئەلتەرەب یان سونبولە):


جیاوازی ئەم پەیژەیە ئەوەیە، پلەی پێنجەم و حەوتەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت، (ئەمە گۆڕانکارییەکی لاوەکییە، لەوە ئەچێت کەسێک لە خۆوە ئەو گۆڕانکارییەی کردبێت و ناچێتە خانەی یاسای میانەی نێوان پلە دەنگییەکانی پەیژەی بچووکی مۆسیقا)، پەیژەیەکی زۆر بە ناوبانگ نییە،

میانەی پلە دەنگییە کانی بەم جۆرەن:

T S T S T S TS

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .



## ٢- پەیژە مۆسیقای سەر پلەی سێهەمی پەیژەی گەورەی ڕۆژهەڵاتیی.
## پەیژەی‌فریجیی (کورد).

وەکوو لەمەوبەر باسمان کرد، ئەم پەیژە مۆسیقاییە پەیژەیەکی خاوەن مێژوویەکی کۆنە و هەر لەسەردەمی گریکییە کۆنەکان و سەردەمی کڵێساوە لە سەرانسەری مێژووی مۆسیقادا بە کۆن و نوێوە پابەندی مۆسیقای گەلان بووە. لای ڕۆژئاواییە کۆن و نوێکانیش بە زۆری بەکارهێنراوە، نازناوی پەیژەی (فریژی یان فریجی) یان بۆ بەکارهێناوە.

لای زۆربەی زۆری میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش نازناوی پەیژەی (کورد)یان بۆ بەکارهێناوە.


### جـۆرەکــانـی:

**ا- پەیژەی فریجی (کورد نەهاوەند).**

پەیژەی (کورد کورد) یان (حیجاز کارکورد) یشی پێ دەڵێن. ئەم پەیژەیە بە تەواوی لەسەر پلە دەنگی سێهەمی پەیژەی گەورەی سروشتی بنیات ئەنرێت، بێ دەستکاری لە هیچ پلە دەنگییەکی.

S T T T S T T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





**ب- پەیژەی فریجی (کوردین یان لامـــی) Hypo Frygische toon ladder**

ئەم پەیژەیە بە تەواوی لەسەر پلە دەنگی سێهەمی پەیژەی گەورەی بنیات ئەنرێت، بەڵام پلە دەنگی پێنجەمی نیو پلەی دەنگی نزم دەکرێت.

S T T S T T T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا




**ج– پەیژەی فریجی (کورد حیجاز یان تەرزی نویْ).**

ئەم پەیژەیە بە تەواوی لەسەر پلە دەنگی سێهەمی پەیژەی گەورە بنیات ئەنرێت، بەڵام پلە دەنگی پێنجەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت، پلەی شەشەمی نیو پلە بەرز دەکرێت.

S T T S TS S T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




**د– پەیژەی فریجی (کورد نگریز یان شاهنازی کورد یان حەسار کورد).**

ئەم پەیژەیە بە تەواوی لەسەر پلە دەنگی سێهەمی پەیژەی گەورە بنیات ئەنرێت، بەڵام پلەی حەوتەمی نیو پلە بەرز دەکرێت.

S T T T S TS S

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





**تێبینی:–**

لەسەر ئەم پەیژەی (فریجی)یە هەندێ پەیژەی لاوەکی دروست ئەبن، کە تێکەڵاوی نێوان پەیژەی گەورەی بێچارەکە دەنگیی و پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگیداریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لەبەر ئەوەی گۆڕانکارییەکە تەنها لە چوارینەی دووهەمدایە بۆیە بە گرنگم زانی بیانخەمە پێش چاو.

**١– پەیژەی کورد سێگا (کوردانییە).**

S T T K T K T


نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .



**٢- پەیژەی کورد سەبا (شەوقی تەرەب).**

S T T K K T T

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




## ٣- پەیژە مۆسیقای سەر پلەی چوارەمی پەیژەی گەورەی ڕۆژهەڵاتیی. پەیژەی سیگان (هومایۆن).

**وەکوو لەمەوبەر باسمان کرد ئەتوانرێ لەسەر  پلەی چوارەمی پەیژەی گەورە پەیژەیەکی تر بنیات بنرێت، ئەوەتا لای ڕۆژئاواییەکان پێی دەڵێن پەیژەی سیگان. با بزانیین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جۆرەکانی کامانەن:**


**جۆرەکانی:**

**ا- پەیژەی سیگانی (نگریز)**

**میانەی پلە دەنگییەکانی لای ئەوروپییەکان بەم جۆرەیە:**

T S TS S T T S


**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**میانەی پلەدەنگییەکانی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەمجۆرەیە .**

T S TS S T S T

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا**




ب- پەیژەی سیگانی (نەواسر یان نگریز حیجاز یان حەســـــــار).

میانەی پلەدەنگییەکانی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەمجۆرەیە .

T S TS S S TS S

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




## ٤- پەیژە مۆسیقای سەر پلەی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتیی.

### پەیژەی میکسۆڵیدی (حیجاز).

ئـەم پەیژەیە لای هەردوو میللەتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاردێت. بـەتایبەتی لەسەر پلە دەنگی پێنجەمی پەیژەی گەورەی هارمۆنی. لای ڕۆژئاواییەکان ناوی نییە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێی‌دەڵێن حیجاز عەجەم یان زنجران.


**جۆرەکانی :**

ا- حیجاز عەجەم (زنجران)

میانەی پلەدەنگییەکانی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەمجۆرەیە .

S TS S T T S T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





ب- حیجاز نەهاوەند (زمزمە).

میانەی پلەدەنگییەکانی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەمجۆرەیە .

S TS S T S T T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




**ج- حيجاز حيجاز (حيجازەين)**

**میانەی پلەدەنگییەکانی لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست بەمجۆرەیە .**

S TS S S TS S T

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**





**د- حيجازكار (شــــاناز)**

**میانەی پلەدەنگییەکانی لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست بەمجۆرەیە .**

S TS S T S TS S

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




## تێبینــــی:

**١- ئەمە سەرجەمی ئەو پەیژانەی مۆسیقا بوو کە لەسەر پلەی بنکە و شەشەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەمی پەیژەی مۆسیقای گەورەی بێ سێ چارەکە دەنگیی (عەجەم) بنیات ئەنرێت. بە واتای میانەی سێ چارەکە پلەی دەنگییان تیا نییە، جگە لەو پەیژەیەی کە لە تێکەڵاوبوونی هەردوو پەیژەی بێچارەکە دەنگیی و چارەکە دەنگیدار، کە لەسەر پلەی سێهەمی پەیژەکە دروست ئەبێت.**

**٢- لەمەوبەر میانەی دەنگی تەواو هێمای (T) یان ژمارەی (1) یان ژمارەی)4) بۆ چەندی چارەکە دەنگییەکانی میانەیەکی تەواو، یان ژمارەی )½( یان هێمای(S) یان ژمارەی (2) بۆ چەندی چارەکە دەنگییەکانی نیو میانەییمان بەکارهێنا. لێرەدا لەبەر گرنگی بابەتەکە پێوستە هێمایەک بۆ ئەو پلە دەنگییانە دابنێین کە پلە دەنگی سێ چارەکە دەنگیین، بۆیە بە باشم زانی کە پیتی (K ) یان ژمارەی ( ¾ ) بۆ ئەو میانە دەنگییانەی کە سێ چارەکە دەنگیین دابنێ.**

## ٢- پەیژەی دووەم  پەیژەی گەورەی (٢) سێ چارەکە دەنگی (ڕاست):

لەمەوبەر باسی ئەو پەیژە مۆسیقاییانەی کە تەنها خاوەنی پلە دەنگی میانەی تەواو و نیو میانەن کردووە. بەڵام وەکوو وتمان لای میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جگە لەو میانە دەنگییانەی کە میانەی تەواون یان نیو میانەن، میانە دەنگییەکی تریش هەیە، کە پێک دێت لە میانەیەکی سێ چارەکە دەنگیی، بۆیە ئەبێ لەمەودوا باس لەو پەیژە مۆسیقایانە بکەین. ئاشکراشە کە باوکی ئەو پەیژە مۆسیقاییانەی کە خاوەنی پلە دەنگییەکانی سێ چارەکە دەنگین، لە دێر زەمانەوە واژە (وشەی) ڕاستیان بۆ بەکارهاتووە. جا لەبەر ئەوەی واژەی ڕاست واژەیەکی ئارییاییە و دیسان لە ناو نەتەوەی کورددا مانای تەواوی خۆی هەیە، گەر هەر هەمان ناوی هەبێت بە لای مۆسیقازانی کوردەوە هیچ نامۆیییەکی نابێت.


## میانەکانی پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگی:


ئەم پەیژە مۆسیقاییە هەر وەکوو پەیژەی گەورە (عەجەم) وایە تەنها پلە دەنگییەکانی سێهەم و حەوتەمی پلەی سێ چارەکە دەنگین. بۆیە هەر لە سەرەتای ڕابەری پەیژەدا هەردوو هێمای سی کاربیمۆل (سی سێچارەکە دەنگیی) و می کاربیمۆل (می سێ چارەکە دەنگیی) بۆ ئەنووسرێت، تا ببێتە هێمای ناسینەوەی ئەم پەیژە مۆسیقاییە.

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K K T T K K T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .



**تێبینی:**

**لەوانەیە ببپرسین ...؛**

**بۆچی دەڵێین دوو میانەی سێ چارەکە دەنگیی، کەچی لە نێوان میانەکاندا چوار جار ژمارەی ( ¾ ) ئەبینین؟**

**لێرەدا گرنگە بزانین کە میانە دەنگیی پلەی سێهەم و حەوتەم هەریەکەیان یەک چارەکە دەنگ لە پلەی دەنگی تەواو کەمترە، بۆیە ئەو کەمبوونە بۆتە هۆی ئەوەی کە میانەکەی لەگەڵ پلە دەنگیی پێش خۆیدا چارەکە دەنگێک کەمتر بێت (لەوەوبەر میانەیەکی تەواو بوو)، بەڵام لەم پەیژەدا ئەبێتە میانەیەکی سێ چارەکە دەنگیی. هەروەها میانەکەی لەگەڵ پلە دەنگیی پاش خۆیدا میانەیەکی چارەکە دەنگیی زیاد ببێت، (لەوەوبەر نیو میانەیەک بوو)، بەڵام لەم پەیژەدا ئەبێتە میانەیەکی سێ چارەکە دەنگیی. ئەم یاسایە بۆ هەردوو پلە دەنگی سی کاربیمۆل و می کاربیمۆلە.**

## جۆرەکانی ئەم پەیژەیە:


### ١– پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگیی سروشتی (ڕاست).

**پەیژەی ڕاستی گەورەی پێ دەڵێن، پلە دەنگییەکانی سێهەم و حەوتەمی پلەی سێ چارەکە دەنگین لە دوو چوارینەی وەکوو یەک پێکدێت.**

### ا– چوارینەی یەکەم (خواروو).

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

T K K





### ب– چوارینەی دووهەمی سەروو

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

T K K


**نموونە بە نۆتەی مۆسیقا .**



هەردوو چوارینەکە بەیەکەوە میانەی پلە دەنگییەکانیان بەم جۆرەی لێ دێت:

T K K T T K K

نموونە بە نۆتەی مۆسیقا .





## تێبینی:

لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر ئەم جۆرە لە پەیژەی دووهەمی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (پەیژەی مۆسیقایی پلەی سێ چارەکە دەنگیدار، کە بە پەیژەی ڕاست بەناوبانگە)، پلە دەنگی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بەرز ئەکەنەوە، بە واتای ئەبێتە پلە دەنگی(سی سروشتی) و نازناوی پەیژە موزیکەکەش ئەبێت بە پەیژەی (ماهور). لەبەر ئەوەی ئەم پەیژە مۆسیقایە لای هەندێ لە میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیژەیەکی مۆسیقایی زۆر گرنگە، بەتایبەتی لەلای خۆمان لە کوردستان زۆربەی فۆرمە (شێواز)ە مۆسیقاییەکانی وەکوو ئەڵلاوەیسی لەسەر بنیات ئەنرێت، بۆیە بە گرنگم زانی کە جۆری ئەم پەیژەیەش بخەمە پێش چاو.

میانەی پلەدەنگییەکانی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەمجۆرەیە .

T K K T T T S

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .






## ٢- پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگی هارمۆنیی (ڕاست)


بریتییە لەو پەیژە مۆسیقایەی کە پلە دەنگی شەشەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت و، پلەی دەنگی حەوتەمیشی ئەبێت بە سی سروشتی، (بە واتای چارەکە پلەیەکی دەنگیی بەرز دەکرێت و ئەم پەیژە مۆسیقایە پێیدەڵێن پەیژەی ڕاست حیجاز یان سۆزناک یان دڵکشا یان شەرەفنما و لای هەندێک نازناوی ڕاست نەواسر یان (زاویل)یشی پێ دەڵێن.

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

T K K T S TS S

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .

Rast Scale ( Es .Major Harmoni )




## ٣- پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگی میلۆدی (ڕاست):

بریتییە لەو پەیژە مۆسیقایەی کە پلە دەنگی شەشەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت و، پلەی دەنگی حەوتەمیشی چارەکە پلەیەک نزم دەکرێت (بە واتای چارەکە پلەیەکی دەنگیی نزم دەکرێت). ئەم پەیژە مۆسیقاییە پێی دەڵێن پەیژەی (ڕاست کورد یان شورک لای هەندێک ئەسفەهان)یشی پێ دەڵێن.

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

T K K T S T T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .

Rast Scale ( Es .Major Melodi )






## پەیژەکانی تری سەر پلە دەنگییەکانی تری پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگی (ڕاست)

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر پلە دەنگییەکانی (شەشەم و سێهەم چوارەم و پێنجەم)ی ئەم پەیژە سێچارەکە دەنگیدارە پەیژە نەوەکانی دروست دەکرێت بەم شێوەیە:

**پەیژە مۆسیقایی سەر پلەی شەشەمی پەیژەی گەورەی ڕۆژهەڵاتیی:**

**پەیژەی بچووک (مینۆر)**

**بنیاتنانی پەیژەی مۆسیقایی لەسەر پلە دەنگی شەشەمی ئەم پەیژەیە خۆی لە خۆیدا تاموچێژێکی تایبەت بە پەیژەی بچووکی هەیە، وەکوو وتمان ئەم پەیژەیە لە دوو چوارینە دروست ئەبن.**

**بەم شێوانە:**


**ا- هەردوو چوارینەکانی دەستکاری نەکرابن، بە واتای هەر وەکوو پەیژەی ڕاست مابێتەوە بەم جۆرە:**

**١- چوارینەی یەکەم (خواروو)**

**میانە دەنگییەکانیان بەم جۆرەیە:**

K K T

**نموونە بە نۆتەی مۆسیقا:**





**٢- چوارینەی دووهەم ( سەروو ) .**

**میانە دەنگییەکانیان بەم جۆرەیە .**

K T T


**نموونە بە نۆتەی مۆسیقا .**



کۆی هەردوو چوارینەکە بەم جۆرە ئەبێت:

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K K T K K T T




نازناوی ئەم پەیژەیە دوو بەیاتی یان حوسەینی عوشەیرانی پێ دەڵێن.


ب- هەردوو چوارینەکانی وەکوو یەک بن.

١- چوارینەی یەکەم (خواروو).

میانە دەنگییەکانیان بەم جۆرەیە:

K K T

نموونە بە نۆتەی مۆسیقا.




٢- چوارینەی دووهەم (سەروو).

میانە دەنگییەکانیان بەم جۆرەیە:

K K T

نموونە بە نۆتەی مۆسیقا .





کۆی هەردوو چوارینەکە وەکوویەک ، بەم جۆرە ئەبێت .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

K K T T K K T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا.




*ئەوەی شایانی باسە ئەم پەیژە مۆسیقایە پێی ئەوترێت (بەیاتی ڕاست یان بەیاتی موحەیەر یان حسەینی یان بەیاتی سێگا یان عوشاقی تورکی).


**ج– گۆڕانكاری لە چوارینەی دووەمدا كرابێت.**

**١– پلەی یەكەمی چوارینەی دووەم چارەكە دەنگێک بەرز بكرێت.**

**میانەی پلە دەنگییەكانی بەم جۆرەیە:**

K K T T S T T

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**





**نازناوی ئەم پەیژەیە بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا، بەیاتی كورد یان كنزاز. لە هەندێ شوێن بەیاتی عەجەم یان شاورگ بەیاتی چوارگا یان، دیسان عەرزبار.**

**٢– پلەی یەكەمی چوارینەی دووەم چارەكە دەنگێک بەرز بكرێت وە پلەی دووهەمیش نیو پلەی دەنگیی بەرزبكرێت.**

**میانەی پلە دەنگییەكانی بەم جۆرەیە:**

K K T T T S T

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**





**نازناوی ئەم پەیژە مۆسیقاییە، بەیاتی عەجەم یان تاهیر و هەروها بەیاتی نەهاوەند یان (وەجهةعرزبار) یان نەهافتی پێ دەڵێن.**

**٣– پلەی یەكەمی چوارینەی دووەم چارەكە دەنگێک نزم بكرێت.**

**میانەی پلە دەنگییەكانی بەم جۆرەیە:**

K K T S T T T

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**نازناوی ئەم پەیژە مۆسیقاییە، بەیاتی كورد یان كوردانییەی پێ دەڵێن.**

٤- پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم چارەکە دەنگێک نزم بکرێت، پلەی دووهەمیشی نیو پلە بەرزبکرێت.
میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K K T S TS S T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




نازناوی ئەم پەیژەیە، بەیاتی حیجاز، شوری یان بەیاتی شوری، قارچغار، بەیاتی نگریز یان دڵئاوری پێ دەڵێن.

٥- پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم چارەکە دەنگێک بەرز بکرێت، پلەی سێهەمیشی نیو پلە بەرزبکرێت.
میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K K T T S TS S

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





نازناوی ئەم پەیژەیە، (بەیاتی نگریز یان زێرفەکەند یان زفرتێن یان سبهەر)ە.

٦- پلەی سێهەمی چوارینەی دووەم نیو پلە بەرزبکرێت.
میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K K T K K S TS

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





نازناوی ئەم پەیژەیە، بەیاتی سەبا یان شەوقی تەرەبی دووهەمی پێ دەڵێن.

٧- پلەی دووهەمی چوارینەی دووەم نیو پلەی دەنگێک بەرز بکرێت.
میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K K T K TK S T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





نازناوی ئەم پەیژەیە، حیجاز غەریب یان مسحینی پێ دەڵێن.

٨- پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم چارەکە پلە دەنگییەک بەرز بکرێت، پلەکانی دووەم و سێهەمیشی نیو پلەی دەنگی بەرز بکرێت.
میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K K T T T T S

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




نازناوی ئەم پەیژەیە پێی ئەوترێ بەیاتی عەجەم یان دڵدار.

**تێبینی:-** لەمەوبەر وتمان جار جار بە هۆی لێهاتوویی ئامێرژەنی مۆسیقا، هەندێ گۆڕانکاری لە پەیژە مۆسیقاکاندا ڕوودەدات، بە مەرجێک کار نەکاتە سەر بنەمای پەیژە مۆسیقاکە، بەتایبەتی چوارینەی یەکەمی پەیژە مۆسیقاکە، کە هەرچی دەست تێوەردانێک لە پلە دەنگییەکانی ئەم پەیژە مۆسیقایەدا ڕوودبدات ئەوا هیچ مافێکی بەسەر پەیژەی سەرەکی مۆسیقاکەوە نامێنێت، بەڵام ئاشکرایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاری زۆری وا کراوە. من لێرەدا تەنها بۆ زانیاری بڵاویان ئەکەمەوە.

**ئەو پەیژە مۆسیقایانەی لەسەر پلەی شەشەمی پەیژەی ڕاست بنیات ئەنرێن، چوارینەی یەکەمیان دەستکاری کراوە.**

**(پەیژە لاوەکی و فەرامۆشکراوەکان)**

**تێبینی:**


**باسکردنی ئەم پەیژانە تەنها بۆ زانیارییە و بەدەگمەن لای هەندێ کەس بەکاربراوە و بەتایبەتی لای هونەرزانانی میللەتەکەمان زۆر دەگمەنە.**

**١- بەیاتی حیجازکار یان حەسار.**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

S TS S TS S K K

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**





**٢- پەیژەی سەبـــــــــا.**

**پلە دەنگیەکانی ئەم پەیژەیە، نیو پلە کەمترن لە پەیژەی ئاسایی.**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

K K S TS S T S

**نموونە بەنۆتە مۆسیقا .**





**٣- پەیژەی سەبـــــــــاڕاست.**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

K K T TS S K K

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**





**٤- پەیژەی سەبـــــــــا عەجەم یان زێرفکەند.**

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K K S TS T T S

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





٥- پەیژەی سـەبـا کورد یان سـەفـا.

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K K S TS S T T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





٦- پەیژەی سـەبـا حیجاز یان سبهەر جدید.

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K K S TS S TS S

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





٧- پەیژەی سەبــــــا بەیات یان کوچک.

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K K S TS K K T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا




٨- پەیژەی ئەســــــــفەهان .

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K    TK    S    T    K    K    T

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .






ئۆرکسترای سەمفۆنی ئەپلدۆرن – هۆڵەندا

# پەیژەمۆسیقای سەرپلەی سێهەمی پەیژەی گەورە(ڕاست)ی ڕۆژهەڵاتیناوەڕاست

## پەیژەی سێگا

وەکوو لەمەوبەر باسمانکرد پەیژەی گەورەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ( پەیژەی ڕاست ) هەردوو پلەدەنگی سێهەم و حەوتهەمی هەریەکەیان پلەدەنگیەکی سێچارەکەدەنگین . جا گەر لەسەرپلەدەنگی سێهەمی ئەم پەیژە مۆسیقایەوە پەیژەیەکی مۆسیقا بنیات بنێین ، ئەوا ئاشکرایە پلەدەنگییەکی سێچارەکە دەنگییە ، پلەدەنگی سێگا ئەکات ، ئەڵێن فارسەکان ووشەی گاە یان بەواتای شوێن بەکارهێناوە . مێژووش بۆمان ئەسەلمێنێ کەووشەی گا ووشەیەکی زەردەشتییە کۆنەکانەو بەواتای دەنگ دێت ، کەواتا بەکوردی واتاە دەنگی سێهەم ئەگەیەنێ .

**جۆرەکـــــــانی :**

**١- بێدەستکاری کردنی پلەدەنگییەکانی .**


**ناوەکانی :-**

**١- پەیژەی سێگا یان سێگابەیات یان سێگامایە یان فەرەحناک یان ئەوشار.**

**میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .**

K T T K K T K

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**





**٢- بەدەستکاری کردنی پلەدەنگییەکانی .**

**ا- پەیژەی هوزام یان راحە الارواح یان سۆزناک عەنبەرئەفشان .**

**میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .**

K T S TS S T K


**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**



ب – پەیژەی سێگایکـــــورد یان خوزامجدیـــــد .
میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

K T S T T T K


نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




ج– پەیژەی سێگاعەجەم یان ماهوورخان یان فەرەحناک .
میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

K T T T S T K

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا





د–پەیژەی سێگاینەهاوەند یان موستەعار یان ئەوج بۆسلیک یان بەستەی ئەسفەهان .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

K T T S T T K

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




هـ- پەیژەی سێگایبەیات یان عێراقئەوج یان رەونەقنمـــــــا .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

K T K K T T K

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





و- پەیژەی سێگایسەبا یان بەستەینیگــــــــار .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

K T K K S TS K

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





ز- پەیژەی سێگاسێگا یان سێگاغەریب یان سێگایشەرقی .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

K T K T K T K

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




تێبینی :

هەندێ پەیژەی لاوەکی مۆسیقا هەن کەلەسەر ئەم پلەدەنگییە بنیات ئەنرێت ،بۆ بەتەنها گۆڕانکارییەکی بچووک ،ناوێکی گەورەو قەبەیان بەسەردا سەپاندووە ، ئەمەلەساتێکدا لەموزیکی رۆژئاوییدا ،سەدان لەم جۆرە گۆڕانکاریانە ئەبینین ، بگرە گۆڕاناکاری زۆر لەمانە گەورە تر کەهەندێ جار پەیژە مۆسیقاکە گۆڕاوەتە سەر پەیژەیەکی تری مۆسیقا لەگەڵئەوەشدا هەوڵی ئەوەیان نەداوە کەناوێک یان نازناوێکی تر بۆئەو پەیژە مۆسیقا بدوزنەوە ، بەپێچەوانەی لای ئێمە ، کە هەر گۆڕانکارییەکی کتوپڕی گەر کەمیش بێت ، هەوڵدراوۆ خێراو بەپەلە ناوێکی تر بۆ پەیژە مۆسیقاکە بدۆزنەوە تاوەکوو ئێستا بەومالۆیرانە ماوەتەوە ، تەنانەت کەسانی مۆسیقازانییش ناوێرن خۆیان لەقەرەی بدەن ، من لێرەدا تەنها بۆ زانیاری بڵاویان ئەکەمەوە ، بۆئەوەی لە ئەرشیفی مۆسیقادا بمێننەوە .

## پەیژە (فەرامۆشکراوەکان) لاوەکییەکانی سەرپلەی سێهەمی پەیژەی راست .

**تێبینی**: وەکوو لەمەوبەر باسمکرد :


**باسکردنی ئەم پەیژانە تەنها بۆ زانیارییە و بەدەگمەن لای هەندێ کەس بەکاربراوە و بەتایبەتی لای هونەرزانانی میللەتەکەمان زۆر دەگمەنە.**

**١- پەیژەی سێگاسەبا یان دڵـــــــــــناز .**

**میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .**

K T T K K S TK

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا.**





**٢- پەیژەی سێگای‌کورد یان ئەوشـــــــــــار2 .**

**میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .**

K T T S T T T

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**تێبینی**:

**ئەمەو چەندین پەیژەی لاوەکی تر کەبەرای من جگەلەوەی کە سەرقاڵی زیاتریان خستۆتە ناو مۆسیقاکەمان ، هیچی‌تری پێ نەبەخشیوە ، بەڕای من رۆژی ئەوەهاتووە کەپیاچونەوەیەکی زانستیانە بەکەلتوری هونەری ئاوازو موزیکی خۆماندابکەین . بۆئەوەی زیاتر رۆلی هونەرەکەمان بەرەوپێشتربەرین .وەکوو ئاشکرایە کەئێمەی کورد خاوەنی هونەری رەسەنی خۆمانین ، من ئەم هەوڵەم بۆئەوەداوە کەلەئایندەیەکی نزیکدا هەوڵبدەم زیاتر نوسینەکانم لەکەلتووری هونەری ئاوازو موزیکی کوردی بدوێن ، بۆیە لەم سەرەتایەوە دەستم پێکردووە بۆئەوەی روونی بکەمەوە کە ئێمەین خاوەنی ئەم کەلتووری کەتاایێستاش میللەتانی هاوسێمان ،خۆیان بەخاوەنی ئەزانن ، بەلام ئەوەی دڵخۆشکەرەیە . بەڵگەی زۆر بەجێ هەن کە میللەتی کورد خاوەنی کەلتووری هونەری ئاوازو مۆسیقای خۆیەتی ، پشت بەخوا کارە گرنگەکانی تر لەدواوەن .**

## پەیژە مۆسیقای سەرپلەی چوارهەمی پەیژەی دووەمی گەورەی رۆژهەڵاتیناوەڕاست

**پەیژەی چوارگا : –**

**ئەوپەیژەمۆسیقایانەی لەسەرپلەدەنگی چوارهەمی پەیژەی راست بنیات ئەنرێن بریتین لەم پەیژانە.**

**١– پەیژەی چوارگا .**

**میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .**

T T S T T K K

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**٢– پەیژەی شـــیراز یان شەوقیدڵ .**

**میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .**

T T S T K TK S

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**





**٣– پەیژەی شەوقی ئاور .**

**میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .**

T T K K T T S

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




# پەیژە مۆسیقای سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی

**١- پەیژەی حیجازراست یان نیاز ، حیجازبەیات ، یشی پێئەڵێن .**

**میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .**

S TS S T K K T

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**





**٢- پەیژەی حیجازغەریب .**

**میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .**

S TS S T K TK S

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**تێبینی :**


**١-ئەو ژمارانەی لەژێر یان لەنێوان میانەکاندا نوسراوە ژمارەی چارەکە دەنگیەکانە، بۆنمونە ژمارە 2 واتا دوو چارەکە دەنگ، یان نیوو دەنگ، ژمارە 3 واتای 3 چارەکە دەنگ، ژمارە 4 واتای چوار چارەکەدەنگی یان میانەیەکی تەواو، ژمارە 5 واتای میانەیەکی تەواو و چارەکە دەنگییەک، ژمارەی 6 واتای میانەو نیوێک.**

**٢- هەردوو پیتی (TK)، هەریەکەیان بەتەنها مانایەکی هەیە، کە ئەبێ بکەنە میانەیەکی 7چارەکە دەنگی.**

**٣- ئەمە تائێستا ئەو پەیژەمۆسیقاییانەبوو کە لەسەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریان پێ ئەکرێت .**

**من هەوڵمداوە پۆلین یانبکەم ، هیوادارم کە منیش وەکوو هونەرمەندێکی کورد کە بە مافی ڕەوای خۆمی ئەزانم ، هەوڵ بدەم کە بنەمایەک بۆ پۆلێنکردنی فۆرم پەیژە مۆسیقاکانی مۆسیقای کوردی دەستنیشان بکەم، لە سەر بنەمای زانستیەکانی مۆسیقای میللەتانی ڕۆژئاوا ، هەوڵ بدەم لە سەربنەمایەکی زانستی ئەو پەیژەو فۆرمە مۆسیقایانە**

بخەمە پێش چاو ، ڕونکردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە مۆسیقا بەتایبەتی لەلای نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کامانەن ؟ بەتایبەتی هەردووپەیژەی گەورەی بێچارەکەدەنگی ( عەجەم ) و گەورەی سێ چارەکە دەنگیدار ( ڕاست ) وپەیژەکانی تری سەرپلەدەنگییەکانی شەشهەم و سێهەم و چوارهەم و پێنجهەمیان ، چیتر گوێنەدرێ بەپەیژە لاوەکییەکان و تەنها بۆجوانکاری کەڵکیان لێ وەربگیرێ ، بۆ ئەوەی چیترمۆسیقا زانەکانمان بەشتی لاوەکییەوە خۆیان نەبەستنەو هەردەم خەریکی نوێ کاری و داهێنانی کاری بەپێزبن .



# خشتەی تێکڕای پەیژەکانی مۆسیقای کوردی (( ڕۆژهەڵاتی ))

## ١– پەیژەی ماژۆر (( عەجەم )) پەیژەی یەکەمی گەورەی مۆسیقای کوردی .

## جۆرەکانی :

### ١– سەرپلەی بنکە .

**ا– عەجەمی گەورە :**

4 – 4 – 2 – 4 – 4 – 4 – 2 .

**ب– عەجەم حیجاز1 (( شەوقی ئەفزا )) .ماژۆری هارمۆنی:**

4 – 4 – 2 – 4 – 2 – 6 – 2 .

**ج– عەجەم نەهاوەند ( دڵدار ) :**

4 – 4 – 2 – 4 – 4 – 2 4 – .

**د– عەجەم کورد ( ماژۆری میلۆدی( :**

4 – 4 – 2 – 4 – 2 – 4 – 4 .

**ە–عەجەم حیجاز 2 (نەورۆز ) :**

4 – 4 – 2 – 6 – 2 – 4 – 2

### ٢– سەرپلەی شەشەم .

**ا– پەیژەی بچووکی سرووشتی )نەهاوەند کورد یان نەهاوەندی تورک یان فەرەح فەزا( :**

4 – 2 – 4 – 4 – 2 – 4 – 4 .

**ب– پەیژەی بچووکی هارمۆنی (نەهاوەند حیجاز یان نەهاوەندی گەورە یان نەهاوەند نگریز یان سوڵتانی یەکگا( :**

4 – 2 – 4 – 4 – 2 – 6 – 2 .

**ج– پەیژەی بچووکی میلۆدی )نەهاوەند عەجەم یان تەرزی نوێ( :**

4 – 2 – 4 – 4 – 4 . 2 – 4 –

**د– پەیژەی دوو نەهاوەند :**

4 – 2 – 4 – 4 – 4 – 2 – 4 .

**5– پەیژەی نەهاوەند کورد (( نەوبەهار )) :**

4 – 2 – 4 – 2 – 4 – 4 – 4 .

**و– پەیژەی نەهاوەند مورەسەع (( بەزمی تەرەب یان سونبولە )) :**

4 – 2 – 4 – 2 – 4 – 2 – 6 .

### ٣– سەرپلەی سێ هەم .

**ا– پەیژەی فریجی )کورد ، کورد کورد یان حیجاز کار کورد( :**

2 – 4 – 4 – 4 – 2 – 4 – . 4

**ب– پەیژەی فریجی ( کوردین یان لامی ) :**

2 – 4 – 4 – 2 – 4 – 4 – 4 .

**ج– پەیژەی کورد حیجاز (تەرزی نوێ( :**

2 – 4 – 4 – 2 – 6 – 2 – 4 .

د– پەیژەی کورد نگریز) شانازی کورد  یان حەسار کورد( .
2 – 4 – 4 – 4 – 2 – 6 – 2 .

## تێبینی :

***هەندێ پەیژەی تر لەسەرپلەدەنگی سێ هەم بنیات ئەنرێ بەڵام زۆر کاریان پێ ناکرێ تێکەڵاوی میانەی هەردوو پەیژەی گەورەی ڕۆژهەڵاتیین وەک :***

ا–پەیژەی کورد سێگا یان کوردانیە :
2 – 4 – 4 – 3 – 4 – 3 – 4 .

ب– پەیژەی کورد سەبا یان شەوقی تەرەب :
2 – 4 – 4 – 3 – 3 – 4 – 4 .

## ٤– سەرپلەی چوارەم .

پەیژەی سیگان یان ڕەوەند :
4 – 2 – 6 – 2 – 4 – 4 – 2 .

ا– پەیژەی  سیگان ، ڕەوەند (نگریز( :
4 – 2 – 6 – 2 – 4 – 2 – 4 .

ب– پەیژەی نەواسر  یان نگریز حیجاز یان حەســـــار :
4 – 2 – 6 – 2 – 2 – 6 – 2 .

## ٥– سەرپلەی پێنجەم .

پەیژەی میکسۆلیدی (( حیجاز )) ( لە سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی گەورەی هارمۆنی بنیات ئەنرێ .

جۆرەکانی :

ا– حیجاز عەجەم  )زنجران( :
2 – 6 – 2 – 4 – 4 – 2 – 4 .

ب– حیجاز نەهاوەند (زمزمە( :
2 – 6 – 2 – 4 – 2 – 4 – 4 .

ج– حیجاز حیجاز (حیجازەین( :
2 – 6 – 2 – 2 – 6 – 2 – 4 .

د– حیجازکـــار (شاناز( :
2 – 6 – 2 – 4 – 2 – 6 – 2 .

## ٢– پەیژەی ڕاست . پەیژەی دووەمی گەورەی مۆسیقای کوردی .

## جۆرەکانی:

### ١– سەرپلەی بنکە .

ا– پەیژەی ڕاستی سرووشتی . بێ دەسکاری کردنی پلە دەنگیەکانی پەیژەی) ڕاست):
4 – 3 – 3 – 4 – 4 – 3 – 3 .

بەڵام گەر لە پلە نزمەکانا بەکارهێنرا،(لەساتی بەرەوخوارچوندا) ئەوا پلە دەنگی حەوتەمی چارەکە پلەیەک بڵند ئەکرێ ، لەو ساتەدا پێی ئەڵێن پەیژەی ڕاستی ماهوور:
4 – 3 – 3 – 4 – 4 – 4 – 2 .

ب– پەیژەی ڕاستی هارمۆنی . نازناوی (ڕاست حیجاز یان سۆزناک یان دڵکشا یان شەرەف نما یان ڕاست نەواسر یان زاویل )ی پێ ئەڵێن :
4 – 3 – 3 – 4 – 2 – 6 – 2 .

ج– پەیژەی ڕاستی میلۆدی .ناز ناوی (ڕاست کورد یان شورک یان ئەسفەهان( .
4 – 3 – 3 – 4 – 2 – 4 – 4 .

### ٢– سەرپلەی شەشەم (( بەیات )) .

ا– پەیژەی دووبەیات :
3 – 3 – 4 – 3 – 3 – 4 – 4 .

ب– بەیاتی موحەییەر .((بەیاتی ڕاست یان بەیاتی حسەینی یان بەیاتی سێگا یان عوشاقی تورکی:
3 – 3 – 4 – 4 – 3 – 3 – 4 .

ج– بەیاتی نەوا . (بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی کورد یان کنزاز یان بەیاتی عەجەم یان شاورگ بەیاتی چوارگا یان عەرزبار یشی پێ ئەڵێن( :
3 – 3 – 4 – 4 – 2 – 4 – 4 .

د– بەیاتی عەجەم یان تاهیر ، (بەیاتی نەهاوەند و نەهافت و وەجهەی عەرزبار( :
3 – 3 – 4 – 4 – 4 – 2– 4 .

ه– بەیاتی کورد یان کوردانیە :
3 – 3 – 4 – 2 – 4 – 4 – 4 .

و– بەیاتی حیجاز یان شوری )قارچغار، یان بەیاتی نگریز،یان دڵ ئاور( :
3 – 3 – 4 – 2 – 6 – 2 – 4 .

ز– بەیاتی نگریز .)زیرفکەند زفرتێن یان سبهەریشی پێ ئەڵێن ( :
3 – 3 – 4 – 4 – 2 – 6 – 2 .

ح– بەیاتی سەبا یان شەوقی تەرەبی دووەم :
3 – 3 – 4 – 3 – 3 – 2 – 6 .

ط–حیجاز غەریب یان مسحیین :
3 – 3 – 4 – 3 – 5 – 2 – 4 .
ک– بەیاتی عەجەم یان دڵدار :
3 – 3 – 4 – 4 – 4 – 4 – 2 .

## تێبینی :

هەندێ پەیژەی لاوەکی تر هەن کە چوارینەی یەکەمیان دەستکاری کراوە وەک :

ا– بەیاتی حیجازکار یان حەسار :
3 – 3 – 2 – 6 – 2 – 6 – 2 .
ب– بەیاتی سەبا :
3 – 3 – 2 – 6 – 2 – 4 – 2 .
ج– پەیژەی سەبا ڕاست :
3 – 3 – 2 – 6 – 4 – 3 – 3 .
د– پەیژەی سەبا عەجەم . )زیرفکەند( :
3 – 3 – 2 – 6 – 4 – 4 – 2 .
ە– پەیژەی سەبا کورد (سەفا( .
3 – 3 – 2 – 6 – 2 – 4 – 4 .
و– پەیژەی سەبا حیجاز )سبهەر جدید( :
3 – 3 – 2 – 6 – 2 – 6 – 2 .
ز– پەیژەی سەبا بەیات (کوچک( :
3 – 3 – 2 – 6 – 3 – 3 – 4 .
ح– پەیژەی ئەسفەهان :
3 – 5 – 2 – 4 – 3 – 3 – 4 .

## ٣– سەرپلەی سێ هەم . (( سێگا )) .

### جۆرەکانی :

ا– پەیژەی سێگا . (سێگا بەیات یان سێگا مایە یان فەرحناک یان ئەوشار( :
3 – 4 – 4 – 3 – 3 – 4 – 3 .
ب– پەیژەی هوزام .(ڕاحە الارواح یان سۆزناک یان عەنبەر ئەفشان( :
3 – 4 – 2 – 6 – 2 – 4 – 3 .
ج– پەیژەی سێگا عەجەم . (ماهوورخان یان فەرەحناک( :
3 – 4 – 4 – 4 – 2 – 4 – 3 .
د– پەیژەی سێگای کورد . (خوزام جدید( :
3 – 4 – 2 – 4 – 4 – 4 – 3 .
ە– پەیژەی سێگای نەهاوەند . (موستەعار . ئەوج بۆسلیک . بەستەی ئەسفەهان( :
3 – 4 – 4 – 2 – 4 – 4 – 3 .
و– پەیژەی سێگا بەیات . (عێراق ئەوج یان ڕەونەق نما( :

. 3 – 4 – 4 – 3 – 3 – 4 – 3

ز– پەیژەی سێگا سەبا . (بەستە نیگار( :

. 3 – 6 – 2 – 3 – 3 – 4 – 3

ح– پەیژەی سێگا سێگا . (( سێگا غەریب یان سێگای شەرقی )) .

. ((3– 4 – 3 – 4 – 3 – 4 – 3 ))

<u>**تێبینی :**</u>

**هەندێ پەیژەی لاوەکی تر هەن کە لە سەرپلەی سێ هەمی پەیژەی ڕاست بنیات ئەنرێن وەک:**

ا– پەیژەی سێگا سەبا . (دڵناز) :

. 5 – 2 – 3 – 3 – 4 – 4 – 3

ب– پەیژەی سێگای کورد . (ئەوشاری 2) :

. 4 – 4 – 4 – 2 – 4 – 4 – 3

## ٤– سەرپلەی چوارەم . (( چوارگا )) .

**جۆرەکانی :**

ا– پەیژەی چوارگا :

. 3 – 3 – 4 – 4 – 2 –4 – 4

ب– پەیژەی شیراز یان شەوقی دڵ :

. 2 – 5 – 3 – 4 – 2 –4 – 4

ج– پەیژەی شەوقی ئاور :

. 2 – 4 – 4 – 3 – 3 –4 – 4

## ٥– سەرپلەی پێنجەم . (( حیجاز ))

**جۆرەکانی :**

ا– پەیژەی حیجاز ڕاست . (نیاز یان حیجاز بەیات) :

. 4 – 3 – 3 – 4 – 2 – 6 – 2

ب– پەیژەی حیجاز غەریب :

. 2 – 5 – 3 – 4 – 2 – 6 – 2

# خشتەی پەیژەکانی مۆسیقای کوردی

## پێکدێن لە دوو پەیژەی گەورە

### پەیژەی یەکەمی -١ گـــــەورە عەجـــەم

| پلەی١ یەکەم عەجەم | پلەی٦ شەشەم نهاوەند | پلەی٣ سێیەم کورد | پلەی٤ چوارەم سیگان | پلەی٥ پێنجەم حیجاز |
|---|---|---|---|---|
| عەجەمی گەورە | نەهاوەند کورد | حیجاز کار کورد | ڕەوەند | زنجران |
| عەجەم حیجاز | نەهاوەند حیجاز | لامی | حەسار | زمزمە |
| دڵدار | نەاوەند عەجەم | کورد حیجاز | | دوو حیجاز |
| عەجەم کورد | دوو نەاوەند | کورد نگریز | | شاناز |
| نەورۆز | نەو | | | |
| | سونبولە | | | |

### پەیژەی دوەمـی -٢ گـــــەورە راســـــت

| پلەی١ یەکەم راست | پلەی٦ شەشەم بەیات | پلەی٣ سێیەم سێگا | پلەی٤ چوارەم چوارگا | پلەی٥ پێنجەم نیاز |
|---|---|---|---|---|
| ڕاست | دوو بەیات | سێگا یان ئەوشار | چوارگا | حیجاز ڕاســت |
| ماهور | موحەییەر | هوزام | شیراز | حیجاز غەریب |
| شورگ | نەوا | سێگای عەجەم | شەوقی ئاور | |
| | تاهیر | سێگای کـــورد | | |
| | کوردانیە | سێگای نەاوەند | | |
| | بەیاتی شوری | سێگای بەیات | | |
| | بەیاتی نگریز | سێگای سەبا | | |
| | بەیاتی سەبا | سێگا سێگا | | |
| | حیجاز غەریب | | | |
| | دڵدار | | | |

تێبینی:

ئەم کلێشەیە، بۆ پەیژەلاوەکیەکانی (فەرامۆشکراوەکانی) سەرپلەدەنگیەکانی هەردو پەیژە (عەجەم و ڕاست) کەیە.


# پەیژەی کرۆماتیک

## پەیژەی یەکەمی گەورە (ماجۆر)

ئاشکرایە کە پەیژەی یەکەمی گەورە (ماجۆر – عەجەم) هەمان جۆرە کە لای ئەوروپیەکان بەکار دێت بۆ نموونە میانە دەنگیەکانی نێوان پلەدەنگیەکان تەنها نیو پلەیە .

بەمجۆرە:

**دۆ ماجۆر کرۆماتیک:**




هەروەها بەپێی ڕابەری پەیژە هەڵسوکەوت لەگەڵ پەیژەکانی تردا ئەکرێت، بەمجۆرە:

ئەو پەیژانەی خاوەنی بڵندکەرەوەکانن (# دێز) :




**تێبینی :**

سیستمیپەیژەیماجۆریکرۆماتیک بەوردی لە پەرتوکی تیۆرەکانی مۆسیقادا بڵاوکراوەتەوە، بۆیە بەپێویستم نەزانێ دوپاتی بکەمەوە.

ئەوپەیژە گەورانەی خاوەنی نزمکەرەوەکانن (بیمۆڵ –b ) :






## پەیژەی دووەمی گەورە (ڕاست).

هەرچەندە بەداخەوە ئەڵێم جۆری ئەم پەیژەیە (پەیژەی ڕاستی کرۆماتیک) لە بەر نەشارەزایی یان نەزانینی تیۆرە زانستیەکەی تائێستا وەکو پەیژەی کرۆماتیک بە تیۆری یان بەپراکتیکیش بەکار نەهێنراوە، بۆیە ئەبێ زۆر لە بەکارهێنانی بەئاگابیین.

وەکوئاشکرایە ئەبێ کۆی میانەکانی پەیژەی کرۆماتیک بکەنە (12) نیووپلە دەنگی،بەڵام ئەم کردارە بەدوو جۆر ئەتوانرێ کاری لەگەڵدابکرێت.

### جۆری یەکەم :

لەبەر ئاسانکاری بۆسیستمی پراکتیکی هەردوو پلەدەنگییەکەی کەخاوەنی سێ چارەکەدەنگیین، تەنها یەکجار دوپات ببنەوەو هەریەکەیان یەکجار بە میانە سێ چارەکەدەنگیەکەی بەکاربهێنرێ بەمجۆرە :

**لە سەر کەوتندا:**

3 – 3 – 2 – 2 – 2 – 2 – 3 – 3 – 2 – 2

**لە بەرەو خوار جوندا:**

2 – 2 – 3 – 3 – 2 – 2 – 2 – 2 – 3 – 3

**لەبەر ئەوەی پەیژەی ڕاست کە بەپلەدەنگی (دۆ) دەستی پێکرد یەکسەرخاوەنی هەردوهێمای نزمکەرەوەی سیکاربیمۆڵ و می کاربیمۆلە بۆیە ئەبێ ئاگاداربین و ئەبێ پلە دەنگییەکانی بەمجۆرە بن:**

**بەیژەکە بەمجۆرە بەکاردێت:**

**C Rast Chromatic**





**هەروەها پەیژە خاوەن(دێز – #) بڵندکەرەوەکانی تر .**

**تێبینی:**

وە کولەمەوبەر ئاشکرامانکردکە، پەیژەی سۆڵی ڕاست پەیژەیەکی شازە، لەبەر ئەوەی کەتاکە پەیژەیە(مەبەست لەپەیژەی ڕاست)ە، هەردو هێمای بڵندکەرەوەی سێ چارەکە دەنگێ کاردێز و هێمای سێچارە کە نەویکەر (کاربیمۆڵ) لە ئەرماتۆرادا بەیەکەوە بنوسرێ ، ئەمەلەزانستی نوسینی مۆسیقادا دەگمەنە و تەنها پەیژەی سۆڵی ڕاست ئەم دیاردەیەی تیا بەدی ئەکرێ.

# Rast Chromatic #






هەروەها پەیژە خاوەن نزمکەرەوەکان (بیمۆڵ– b).

**C Rast Chromatic b**




**تێبینی:**

له زانیاری مۆسیقادا بۆهەردوو پلەدەنگی (فا و دۆ) کاربیمۆڵ بەکار نایەت، من پەیژەی (ڕێ بیمۆل ڕاست)م لەبەر ئەومەبەستە نوسیوە، لەبەر ئەوەی وەکوزانستی نوسین هەیە بەڵام لەبارەی پراکتیکەوە ستەمە، هەروەها ئەمجۆری یەکەمی کرۆماتیکە بەکارناهێنرێ،لەبەر ئەوەی تەنانەت کۆی پلەدەنگیەکانی،ناکەنە کۆی پلەدەنگی پەیژەی کرۆماتیکی، بۆیە تەنهابۆڕونکردنەوە نوسیومە.



# تیۆری گۆڕانكاری پەیژەكانی مۆسیقا

**دوو جۆرن :**

**١- گۆڕانكاری سەرەكی**: بریتییە لەو گۆڕانكارییەی، كە ئەبێتە هۆی گۆڕانی ڕابەری پەیژە.

**٢- گۆڕانكاری لاوەكی**: بەكارهێنانی ئەم جۆرە گۆڕانكارییە، هیچ گۆڕانكارییەک لە ڕابەری پەیژەدا ڕوو نادات.

## ١- گۆڕانكاری سەرەكی.

**جۆرەكانی:**

**جۆری یەكەم-**

**گۆڕانكاری ڕاستەوخۆ**: بەواتای گۆڕانكاری نێوان دوو پەیژەی مۆسیقا لە هەمان پلەی دەنگیدا.

**ا- لە پەیژەی گەورەی یەكەمەوە وە بۆ پەیژەی بچووكی هەمان پلە دەنگی.**

**نموونە: لە پەیژەی دۆ ماژۆر (عەجەم) بۆ دۆ مینۆر (نەهاوەند) بچووک.**





**٢- لە پەیژەی دووەمی گەورەوە (ڕاست) بۆ پەیژەی (بچووكی ڕاست) بەیاتی هەمان پلە دەنگی.**

**نموونە: لە پەیژەی دۆ (ڕاست) بۆ پەیژەی دۆی بەیات (بچووكی ڕاست).**




**٣- لە پەیژەی یەكەمی گەورە (عەجەم)وە بۆ پەیژەی دووەمی گەورە (ڕاست).**

**نموونە: لە پەیژەی دۆ ماژۆر (عەجەم) بۆ دۆ ڕاست.**



## جۆری دووەم :

**گۆڕانكاری نزیكایەتی:** گۆڕان لە پلە دەنگی سەرەكی پەیژەیەكی مۆسیقاوە بۆ پێنج پلە دەنگی سەرووی یان خوارووی.

نموونە:


**١ – نزیكی سەروو: گۆڕانی پەیژە بەرەو پێنج پلەی سەرووی خۆی.**

نموونە:

**ا– لە پەیژەی دۆ ماژۆر (عەجەم) بۆ پلە دەنگی پێنجەمی سەرووی خۆی (سۆڵ ماژۆر) سۆڵی عەجەم.**




**ب– لە پەیژەی دۆ ڕاست بۆ پەیژەی سۆڵی ڕاستی پێنج پلە دەنگی سەرووی خۆی.**





**تێبینی:** وەكوو لە یاسای نووسینەوەی نۆتەی مۆسیقادا ئاماژەی پێكراوە، كە هەردوو هێمای بڵندكەر و نەویكەر بە یەكەوە لە ئەرماتۆرا (خانەی ڕابەرەكان)دا نانووسرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی تەنها پەیژە سۆڵی ڕاست پەیژەیەكی شازە لە ناو پەیژەكانی تری پەیژەی ڕاستدا. بۆیە ڕەوایە هەردوو هێمای بڵندكەرەوە و نەویكەرەوە لە خانەی ڕابەرەكاندا بەیەكەوە بنووسرێن، تەنها بۆ ئەم پەیژەیە لواوە كە ئەو هەردوو هێمایە بەیەكەوە بنووسرێن.

**٢– نزیكی خواروو: گۆڕانی پەیژە لە پلەی بنكەی پەیژە سەرەكییەكەوە بۆ پێنج پلە خوارووی خۆی.**

نموونە :

**ا– لە پەیژەی دۆ ماژۆرەوە پێنج پلەبەرەو خوار بۆ پەیژەی فا ماژۆر.**




ب-  لە پەیژەی دۆ ڕاست پێنج پلەبەرەو خوار بۆ پەیژەی فا ڕاست.





## ٢- گۆڕانکاری لاوەکی:

وەکوو وتمان بەکارهێنانی ئەم جۆرە گۆڕانکارییە نابێتە هۆی گۆڕان لە ڕابەری پەیژەدا، بۆیە سەربەستە لە گۆڕانکاری نێوان پەیژەیەکی گەورە (عەجەم بێت یان ڕاست)، بە مەرجێک لە ڕەگەزەکەی خۆی بێت. بە واتای لە نێوان پەیژە مۆسیقاییەکانی سەر پلە دەنگییەکانی یەکەم و شەشەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەمی ماجۆر (گەورە – عەجەم) بە تەنها ڕەوایە. هەروەها بۆ پەیژەی ڕاستیش هەر بەو جۆرە ڕەوایە.

نموونە: پەیژەی دۆ ماژۆر و پەیژە دروستکراوەکانی سەر پلە دەنگییەکانی.




نموونە: پەیژەی دۆی ڕاست و پەیژە دروستکراوەکانی سەر پلە دەنگییەکانی تری.




**تێبینی:- گۆڕانکاری لە نێوان هەردوو پەیژە گەورەی ڕۆژهەڵاتیی (عەجەم و ڕاست) گۆڕانکاری سەرەکییە، لەبەر ئەوە ی ئەبێتە هۆی گۆڕانی ڕابەری پەیژە.**

**بەستەومەقام** : دوو وشەی پڕمانای زمانی ساز و ئاوازی مۆسیقای کوردین؛

جا بەژەنینی ئامێرە مۆسیقاییەکان بێت یان بێژانی دەنگی بێت. هەردوکیان خاوەنی پەیژەی مۆسیقای خۆیانن، واتا پەیژەی مۆسیقا بناغەی ئەم دوو فۆرمە مۆسیقایەن، بۆیە ئەشێ بڵێین هەمووجۆرێک لە فۆرمەکانی مۆسیقا ( بەستەو مەقام) خاوەنی پەیژەی مۆسیقای تایبەتی خۆیانن. لێرەدا بە کورتی باسێک لەو دوجۆرە فۆرمەی مۆسیقای کوردی ئەکەین. هەرچەندە نابێ ئەوە فەرامۆش بکرێت کە ئەم دوو فۆرمە مۆسیقایە (( بەستە(گۆرانی)و مەقام )) گەر بێژان بێت چۆن خاوەنی پەیژەی مۆسیقای خۆیانن هەریەکەیان خاوەنی هۆنراوەی تایبەتی خۆیانن. بەڵام گرنگترین شت کە لەیەکیان جیا ئەکاتەوە ڕیتمی مۆسیقایە و پاشان بەوردی باسی لێ ئەکەین.

١- بەستە (( ستران – گۆرانی )) :

واتا ئەو ئاوازانەی کە خاوەنی ڕیتمێکی مۆسیقان و خانەی نوسینەوەی نۆتەی مۆسیقایەکانیان ئەشێ بەپێی ئەو ڕیتمەی کەلەسەری بنیاتنراوە لە بارەکانی نۆتەی مۆسیقادا بنوسرێتەوە. ئەوەی شایەنی زانین و باسکردنە ئەم فۆرمە (شێوازە) مۆسیقاییە لە زۆر شوێن پێی ئەوترێ (گۆرانی) لە سەر بنەمای ئەو نەریتەوی کە گۆرانەکان لەسەردەمی کۆندا ستران (بەستە) یان بە شێوەیەکی جوان وتووە یان ژەندوە بۆیە ئیتر بەسەر ئەوانا سەپێنراوە کەگوایا وەکو گۆرانیەکان ستران ببێژن یان ئاواز بژەنن بۆیە بۆتە هەردوو ڕستەی گۆرانی بڵێن، یان گۆرانیەک بژەنن، هەرچەندە باشتر وابوو کە بڵێین ئاوازێک یان سترانێک بڵێن یان بژەنن.

٢- مەقام ( موغام) (Improvisation – آرتجال) : وشەیەکی ئازەربایجانییە بۆ پێناسەکردنی فۆرمێکی مۆسیقای (شێوازێکی مۆسیقا) ڕیتم سەربەست بەکار دێت. جا بەدەنگی مرۆڤ بێت یان بە ئامێری مۆسیقا، ئەم جۆرە ئاوازە بریتییە لە فۆرمێکی سەربەخۆی ڕیتم سەربەست، هەرجۆرێک لەم فۆرمە (شێوازە) ئاوازانە خاوەنی پەیژەی مۆسیقای خۆیانن. ئەوەی شایانی باسە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گەورە، دەیان جۆری لەم شێوازە ئاوازە هەیە بۆنمونە : ناوچەی گەرمیان بە دەوڵەمەندترین ناوچە بەناوبانگە بەم شێوازە (فۆرم) ئاوازانە لەوانە فۆرمی :

( قەتار - خاوکەر (( بەرزە قەتار )) – خورشیدی – ئەڵاوەیسی) کە بونەتە ناسنامەیەکی بەرزی کوردستان بەگشتی و ناوچەی گەرمیانیش بەتایبەتی. هەروەها لە دەشتی هەولێر خاوەنی حەیرانیین کە پێناسەیەکی جوانی دەشتی هەولێرە بەتایبەتی و هەموو کوردستان بەگشتی، بۆ زمانی سازو ئاوازی کوردی. لاوک بەهەموو جۆرەکانیەوە پێناسەیەکی شکۆداری باکورو خۆرئاوای کوردستانە و خاوەنی مۆرکێکی ڕەسەنی زمانی سازو ئاوازی مۆسیقای کوردیە. بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە لای هەندێ کەس وایە کە بێژانی ئەم جۆرە فۆرمانە پەیوەستن بەبێژانی یەکەم جاریانەوەو، مافی هیچ گۆڕانکاریەکی ترنییە، بۆیە بۆتە هۆکاری فراوان نەبوونی ئاستی ئەم جۆرە ئاوازانە. بەڕای من لە ساتی ژەنینی ئەم فۆرمە ڕیتم سەربەستانە ئەشێ ژەنیار یان سترانچڕ پەیوەست بێت بە فۆرم و پەیژە مۆسیقاکەیەوە لە ئاستێکی باڵادا هەوڵ بۆ فراوانبوون و بەجیهانی ناساندنی بدرێت، نەک پەیوەستبوون بە فۆرمی یەکەم جاری ژەنین و بێژانی ئەو فۆرمە ئاوازانە.

سەڵاح ڕەوف

٢٠٢٠ـ٦ـ٢٥